# ئۆكتۆبەر
OCTOBER

بڵاوكراوەیەكی سیاسییە | حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی كوردستان دەریدەكات | ژمارە(13). 5ی ئۆكتۆبەر | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێكدا | No.(13) 5st Oct.2008


**ڕیپۆرتاژێك سەبارەت بەتراژیدیای كاوهایۆكی** ل3

**شكستی فیدراڵیەت، جیابونەوەی كوردستان دەكاتە ئەڵتەرناتیڤی فەوری خەڵكی كوردستان!** ل6

# ئێستا كاتێكی گونجاوە بۆ جیابوونەوەی كوردستان و پێكهێنانی وڵاتێكی سەربەخۆ

بەرواری 28/9 بەڕێز مەسعود بارزانی كۆبونەوەیەكی لەگەڵ زۆربەی سەرنووسەری ڕۆژنامەو گۆڤارو بەڕێوەبەرانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆكانی كوردستان كرد.

سەرەتای كۆبونەوەكە وتەیەكی پێشكەش كرد كە ئامانجی كۆبونەوەكەی خستە ڕوو. كە چەندین تەوەرەی لەخۆی گرتبوو گرنگترینیان بریتی بوو لە وەزعی كوردستان و دووری نێوان دەسەڵات و خەڵك، بۆچونەكان سەبارەت بە عێراقی ئێستاو ئایندەكەی و سیاسەتی هاوپەیمانی كوردستان.

سەبارەت بە تەوەرەی یەكەم بەڕێزیان بەدروستی باسی لە واقعیەتێكی بەجەستەو هەمەلایەنە كرد كە دووری نێوان دەسەڵات و خەڵكە، لەوبارەیەوە وتی" ...من هەست ئەكەم دووریەك هەیە، ئەم دووریەش ڕۆژبەڕۆژ زیاد دەبێت..."

دووری نێوان دەسەڵات و خەڵك لە كوردستان، ئەمرۆ لەهەموو كاتێكی تر بۆتە واقعیەتێكی بەچاو. دەسەڵات لەلایەك خەریكی پاراستنی بەرژوەندیە سیاسی و ئابوریەكانی خۆی و چینی بۆرژوازی و داراكانی كوردستانەو خەڵكی كوردستانیش ڕۆژ بەڕۆژ برسی ترو بێماف ترو هەژارتر دەبن.

ئەمرۆ لە كوردستان كەمایەتیەكی كەم دەسەڵات و هەموو داهات و خێروبەری كۆمەڵگایان لەهەموو زەمینەكانی ژیانی كۆمەڵگادا بۆ خۆیان قۆرغ كردووە. لەولاشەوە خەڵكی كەم دەرامەت و هەژار كە زوربەی كۆمەڵگان، موحتاجی سەرەتاییترین پێداویستیەكانی بەرێوەچوونی ژیان و ماف و خزمەتگوزاریە سەرەتایەكانن.

قڵشتی نێوان ئەم دووبەرەیە قڵشتی نێوان دوو چینی كۆمەڵایەتییە، كە خاوەنی بەرژوەندی و چینایەتی تەواو لەیەك جیاوازن. ئەم دووچینە ئاسۆ و ستراتیج و ڕێگاچارەو بەرنامەی جیایان بۆ كۆمەڵگا و بەڕێوەبردنی و وەڵامدانەوە بە گرفتەكانی هەیە.

نزیكە 18 ساڵە دەسەڵاتی بەعسی سەرمایە لەكوردستان و پێنج ساڵیشە دەسەڵاتی بەعس لەهەموو عێراقدا لە گۆڕنراوە، كەچی چینی كرێكارو خەڵكی زەحمەتكێش لەكوردستان، كە داینەمۆی جوڵەی كۆمەڵگاو پێكهێنانی سەروەت وسامانی كۆمەڵگایە، و هەموو بناغەكانی بوون و مانەوەی كۆمەڵی لە ئەستۆیە، كەچی بێبەشترین چینی كۆمەڵگای كوردستانە.

چینی كرێكار لە كوردستان جگە لە گرانی و برسێتی و بێكاری سەرسورهێنەر، جگە لە تەوژمی خێرای كارو نائەمنی شوێنی كار، جگە لە كرێی كەم و ............

بۆ لاپەرە 7

## مانگرتنی هەزاران مامۆستا لە پێناو باشتركردنی هەلومەرجی خوێندن و خوێندنگاكان



كۆتایی مانگی دیسەمبەری ڕابردوو نزیكەی 5000 هەزار مامۆستای 400 قوتابخانەو خوێندگا لە سلێمانی و بازیان و چەمچەماڵ و سەیدسادق و عەربەت و هەڵەبجەی شەهیدو شارباژێڕ... دەستیان دایە مانگرتن و بڕیاریش بوو نزیكەی 5000 هەزار مامۆستا لە قوتابخانەو خوێندگاكانی تری ناوچەكانی پشدەرو بیتوێن و چوارقورنەو حاجیاوا... زۆر شوێنی تریش پەیوەست بن بەمانگرتنی مامۆستایانەوە.

لەكاتێكدا مامۆستایانی شوێنەكانی تر خەریك بوو پەیوەست بن بە مانگرتنی مامۆستایانەوە، یەكێتی مامۆستایانی كوردستان، لە جێگای ئاوڕدانەوە لە خواستی ڕەوایان، دەستی دایە هەڕەشەی دەركردن و لێپێچینەوە وچاوسوركردنەوە لەمامۆستایان و بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانانەی مانیان گرتووە و سێ لەو مامۆستایانەشی دەركرد كە بەئاگاداری و پشتیوانی مامۆستایان 12 هەزار ئیمزایان كۆكردبۆوە.

داخوازیەكانی مامۆستایان، بریتین لە گەڕانەوەی دەرماڵەی پیشەیی و پێدانی زەوی و هێشتنەوەی ئەو مامۆستایانەی بڕوانامەكەیان لە خوار بەكالۆریۆسەوەیە بۆ پۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانەكان، باشكردنی هەلومەرجی خوێندن و خوێندگاكان، كۆتاییهێنان بەگەندەڵی وەزارەتی پەروەردە ... مانگرتنەكە دوای سێ ڕۆژ، وەكو مۆڵەتێكی تر بۆ دەزگا پەیوەندیدارەكان ڕاگیراوەو ئەگەر داخوازیەكانیان جێبەجێنەكرێت ئەوا بڕیارە بەشێوەیەكی فراواترو سەراسەریترو ڕێكخراوترەوە دەست پێبكاتەوە.

مامۆستایانی كوردستان، یەكێك لە توێژە هەرە ماندووەكانن و ئەركی پێگەیاندنی نەوەكانی كۆمەڵگایان لە ئەستۆیە، كەچی بێبەشترین توێژی كۆمەڵگان و كەنارخراون.

## كرێكارانی كۆمپانیای تیراسایز لە سەنگاو دەستیان دایە مانگرتن



25ی سێبتەمبەری مانگی ڕابردو كرێكارانی كارگەی تیراسایز كە ژمارەیان 250 كرێكارە دەستیان دایە مانگرتن و هاوكات یاداشتێكیشیان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی سەنگاوكرد.

هۆكاری مانگرتنی ئەم كرێكارانە ئەوەیە كە ئەم كرێكارانەی جگەی لەوەی ڕێزیان لێناگیرێت و سوكایەتیان پێدەكرێت، هاوكات زیاد لەكاتی دیاریكراروكاریان پێدەكرێت بێئەوەی لە جێگای ئەم كارە زیادەیە پارەیان پێبدرێت، هەروەها بەپێی ڕێكەوتنی كۆمپانیا لەگەڵ ئەم كرێكاریانە بڕیارە كە خواردن وخواردنەوە كرێی هاتوچۆیان بۆدابین بكرێت، بەڵام كۆمپانیاكە خۆی لە جێبەجێكردنی ئەمانەش دزیوەتەوە، لەوەش واوەتر ڕۆژانی هەینیش كاریان پێدەكرێت لەكاتێكدا بەپێی ڕێكەوتننامەكە ئەمان پشوون. هەروەها سەختی كارەكە چەندین كرێكاری توشی نەخۆشی قورس و كوشندە كردوە. شایانی باسە بەرێوەبەری ناحیەی سەنگاو پشتگیری لە داخوازی كرێكارەكان كردووە و لە ڕاوێژدان لەگەڵ كۆمپانیاكە بۆ جێبەجێكردنی داخوازیەكانی كرێكارە مانگرتوەكان.

**كورتكراوەی گفتوگۆیەك لەگەڵ مەنسور حیكمەت سەبارەت بە كۆمۆنیزم و حزب و چینی كرێكار** ...... ل5

## گۆشەیەكی تر لە قوربانیانی تیرۆرو توندوتیژی دژ بەژنان



★ لە شاری هەولێر ژنێك بەناوی" ب،ك" تەمەن 35 ساڵ لە ماڵەی خۆیان لەلایەن مێردەكەیەوە بەناوی " ح،ر" دەكوژرێت، هۆكاری كوشتنی ئەم ژنە ئەوە بووە كە لەماڵەكەی خۆیاندا لەگەڵ پیاوێك بینراوەو پیاوەكەش لەگەڵ ژنەكە كوژراوە. ژنەی كوژراو خاوەنی دوو مناڵە. بكوژی ئەم ژن و پیاوە ڕایكردووە.

★ ناوەڕاستی ئەم مانگە لە شارۆچكەی بەردە ڕەشی سەر بەپارێزگای دهۆك ژنێك بەناوی" پ،خ" گری بەردایە جەستەی خۆی و خۆی سوتاند. ناوبراو زیاتر لە ڕێژەی 80٪ جەستەی سوتا. هۆكاری دەستبردنی ئەم ژنە بۆ خۆسوتاندن وەكو خۆی لەكاتی چارەسەری پزیشكیدا ڕایگەیاندووە مێردەكەی بووە . ژنەكە سكاڵای لەدژی مێردەكەی تۆماركرووە.

★ هەروەها كچێكی تری تەمەن 16 ساڵ لە ناحیەی ژاراوەی سەر بە قەزای قەڵادزی بەناوی "س،ئ،س" كە خوێندكاری پۆلی پینجەمی ئامادەیی بوو، دەكوژرێت." س" كەچەند گوللە بەجەستەیەوە بوو، لەلایەن كەس وكاریەوە ووتراوە كە ناوبراو خۆی خۆی كوشتووە، بەڵام گومان دەكرێت لەلایەن براكەیەوە كوژرابێت.

★ بەرواری 16ی سێبتەمبەر، ژنێكی تر بە ناوی "ئ،ئ" تەمەن بیست و دووساڵ لە گوندی بەحركەی سەربەپارێزگای هەولێر لەلایەن باوكیەوە دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللەو دەكوژرێت. هۆكاری كوشتنی ئەم ژنە ئەوە بووە كە ژنەكە پێشتر شووی كردووە پاشان لەمێردەكەی جیابۆتەوە. تاوانباری ژنكوژ دەسگیرنەكراوە.

بۆ ل 2

## كرێكارانی بەشی كارەبا خۆپیشاندانێكی گەورەیان وەڕێخست



ژمارەیەكی زۆری كرێكاران بە خۆپیشاندانەكە، كەچی سوربوون ویەكگرتووبوونی كرێكاران هەوڵەكانی دەزگا سەركوتكەرەكانی پوچەڵكردەوە و خۆپیشاندانەكە نزیكەی4 كاتژمێری خایاندو هەموو شەقامە سەرەكیەكانی داگرت.

بەرواى 16 ی سێبتەمبەر، هەزاران كرێكاری بەشی كارەبا لە گۆڕەپانی فەردوسی شاری بەغدا دەستیان دایە خۆپیشاندانێكی نارەزایەتی. وەستانەوە بەرووی گەندەڵی و دزی وگێڕانەوەی ئەو كرێكارانەی بەهۆی سیاسیەوە دەركراون، لەگەڵ دامەزراندنی كادری پسپۆری باڵا دوور لە ئیحساساتی تایفی قەومی، زیادكردنی كرێ و هاوكات داوای دەست لەكاركێشانەوەی وەزیری كارەبا، خواستە سەرەكیەكانی ئەم خۆپیشاندانە بوون. سەرباری هەوڵی هێزە ئەمنی و میلیشیاكان بۆ بڵاوەپێكردنی خۆپیشاندەران و ڕێگەگرتن لە پەیوەستبوونی

شایانی باسە، كرێكارانی عێراق سەرباری زۆری هێزی میلیشیاو هێزە ئەمنیەكان! و سەرباری ئەو دۆخە ناهەموارەی داگیركاری و نائەمنی... ئەوەندەی بواریان بوبێت هەوڵیان داوە بە هێنانە مەیدانی هێزی یەكگرتوو چینایەتی خۆیان جێگاوڕێگای خۆیان بەوێنەی بزوێنەرو چەرخاندنی كۆمەڵگا نیشان بدەن. ڕێكخەرو ڕابەری ئەم خۆپیشاندانە كرێكاریە یەكێتی گشتی شوراو نەقابە كرێكاریەكان بوو.

**بە دوای لێبوردنەوە بەهۆی پشوو و نەبوونی دەوامەوە، ئەم ژمارەیەی ئۆكتۆبەر دەرچوونەكەی لەكاتی خۆی دواكەوت**

## لەم ژمارەیەدا


- قەیرانی ئابوری لە بازاری .... ل3
- یەكێتی زانایان یان............. ل3
- خوێن ڕشتن لە قوتابخانە............ل3
- میكی ماوس و فتوای.............. ل4
- مینبەری هەڵسوڕاوان............ ل4
- ورینەی دینە سورەكان لە.........ل5
- لەهەر گۆشەیەكی دنیا.......... ل6


ئۆكتۆبەر
OCTOBER

# چارەنوسی هێزەکانی موجاهیدینی خەڵك لەبەردەم هەڕەشەیەکی جدیدایە



مریەم ڕەجەوی

چارەنوسی هێزەکانی موجاهیدنی خەلکی ئێران، کە نیشتەجیی شاری ئەشرەفن لە عیراق لەبەردەم هەرەشەیکی جیدیدان، ئۆردوگای هیزەکانی موجاهیدنی خەلك لەعیراق لەوکاتەوەی ئەمریکا عیراقی داگیرکردووە ، لەلایەن هیزەکانی ئەمریکاوە پاریزراون. ئیستا کۆنترۆلی ئەم هیزانە تەسلیمی دەولەتی عیراق کراوەتەوە. بەپیی چەند سەرچاوەیەکی هەوال و وا دەردەکەویت کە دەولەتی عیراق و ئەمریکاو ئیران خەریکی سات وسەودابن لەسەر چارەنووسی مجاهیدین و تەسلیم کردنەوەیان بەدەستی جەلادانی جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی. عبدالعزیز حەکیمی سەروکی ئەنجومەنی بالای شورشی ئیسلامی و و عەلی دەباغی وتەبیژی رەسمی دەولەتی عیراق رایان گەیاندووە کە ریکخراوی مجاهدین ریکخراوەیەکی تیرۆریستەو مانەوەیان لە عیراق نایاساییە و دەبی لەعیراق دەربچن.

ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی لەبەرامبەر بەو هەرەشەیەی لسەر موجاهیدینە لە بەیاننامەیەکدا دوادەکات کە پاراستنی ئەندامانی رییکخراوی موجاهیدین دەستەبەر بکریت و بۆئەو مەبەستە داوا لەدەولەتی ئەمریکاو عیراق دەکات کە ئەندامانی ئەم ریکخراوە بپاریزن بەپیی یاسا نیودەولەتیەکان. و ریگربن لە گیرانەوەی هەر ئەندام و پەنابەریکی موجاهیدن و ئیرانی بە رژیمی جمهوری ئیسلامی ، چونکە گیرانەوەیان توشی شکنجەو مەرگیان دەکاتەوە.

بەدوور لەهەر جیاوازی و ناکۆکیەك و بەدوور لەوەی هەر حزب و لایەنە چۆن دەروانیتە موجاهیدینی خەلك، پیویستە هەموو حزب و لایەنیکی سیاسی و خەلکی ئازادیخوازو پیشکەوتنخواز ئینسان دۆست لەهەر شوینیك هەن ریگەبگرن لەوەی کە سازش لەسەر گیرانەوەی ئەندامانی موجاهیدین خەلق بکەن بۆ ئیران، و پیویستە موجاهیدین خەلق بەوینەی ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی مامەلەیەکان لەگەل بکریت و بۆ ئەو شوین و وولاتەی کەکە خۆیان دیاریدەکەن رەوانە بکرین.

## پێنج شەممە 25 ی سێپتەمبەری 2008

# ناڕەزایی جەماوەری لەبەردەم کۆنگریسی ئەمەریکا




دژی ڕزگارکردنی دەستەی دارایی لە وولستریتی نیویۆرکی ئەمەریکا ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەرانی ئەنجوومەنەکانی کرێکاران و هاوپەیمانی فراوانی کۆمەڵەی یەککگرتووی ئاشتی و داد و ڕێکخراوی کارو پارتی کاری ئەمەریکی بەشداربوون، دژی ووتەکانی جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمەریکا و هاوکاری دارایی کۆنگریس بۆ دەربازکردنی بانکەکان و دەستەیی دارایی لە ڕمان وەستانەوە و پەیامی سەرەکی خۆپیشاندەران داخوازبوون لە کۆنگرێس ڕەتی هەموو هاوکاریەک بکاتەوە و ڕزگاری ڕاستەقینە دەبێ لەشەقامەکانەوە دەست پێبکات و دەبێت لێپرسینەوەی ئاشکرا و توند بنوێنێ. **نائومی کلاین،** ژنە ڕۆمانووس و ڕۆژنامەنووسی مامۆستای زانکۆی ئەمەریکی و بەریتانی کە بە چالاکەوانی دژە سەرمایە ناسراوەو یەکێک بوو لە هەڵسوڕاوانی بەشداربوو دەڵێ (ئەم هەفتەیە کۆشکی سپی دەیەوێ گەورەترین دزی لە مێژوودا تۆماربکات. هەوڵی ڕزگارکردنی جەردەکانی وولستریت دەدات کەخۆیان خولقێنەری بازاڕی ئابووری ئازادن لە جیهاندا. ئەوە هاوکێشەی دارایی 11 ی سێپتەمبەرە کە لایەنگری یاسای نیشتمانین و بۆ چارەسەری گرفت و تەنگەژە پەنا بۆهێزدەبەن. بیرکەنەوە، دەڵێن ئامادەکردنی چاودێری تەندروستی نۆ ملیۆن منداڵ نزیکەی 6 ملیار دۆلاری لەساڵێکدا دەوێت، ئەمەش زۆر گران دەکەوێت، بەڵام ئەوەی ئاشکراو ڕوونە هەر بڕێک پارەی وا زۆر دەبێت لە پێشدا بەرازەکانی وولستریتی پێ تێربکەی. گەر بهێڵن ئەمەیان بۆ بچێتەسەر ئەوا هیچ داراییەک بۆ پاراستنی ژینگە و بۆ بەرەوڕووبوونەوەی دیاردەی قەتیسبوونی گەرمی و پەروەردەو چاودێری تەندروستی نیشتمانی و بیناکردنەوە ی پایە بنەڕەتیە دارماوەکان و ئەلتەرناتیڤی ووزە نامینێتەوە. ئەمە ساتە وەختێکی مێژوویی یە دەبێ ئێستا گفتوگۆو کاری بۆبکەین، ئێمە دەزانین دیموکراتەکانی ئەندامانی کۆنگرێس لە درزی دەرگاکانەوە تەماشادەکەن و دەنگیان کز و ملیان کەچ هەر وەک پیشەی پێشوویان لە هەموو شەڕ و داگیرکاریەکانی ئەفغانستان و عێراقدا. خەڵکینە واز لە بانکەکانی ستێرنز و فانی و فرێدی و گروپی ئەنتەرناسیونالی ئەمەریکی و بازاڕی دراو بێنن و ڕزگاریان مەکەن، ئەو بڕە پارەیە کە نزیکەی یەک ترلیۆن دۆلار دەبێت باشترە بەسەر هەژاران و کرێکاران و توێژی ناوەندا دابەشی بکەن و سەرتاپا خۆتانی پێ ببوژێننەوە. ئەم کێشانە هەمووی دەرئەنجامی بازاڕی ئازادە کە لەسەر شەڕو هەژاری و ماڵوێرانی دنیا دامەزراوە. دەزگا فیدراڵەکان خۆیان پاڵپشتی نرخی کەل وپەلەکانن، بەدەنگەوەچوونی ئەو دەسبڕ و فێڵبازنە کۆمەککردنە بەو کەسانەی خۆیان لە پێشەوە ڕەهنیان دەدایە ئێوە بە قازانجێکی خەیاڵی. لەوەش خراپتر دەیانەوێ لەم قەیرانەشدا لەسەر شانی ئێوە قازانجی نوێتر وەرگرن.)

# بڕیاری دیپۆرتی شێرکۆ نادر بۆ بەغدا هەڵوەشایەوە

لەدرێژەی کەمپینێک کە فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی سازمانی سەراسەری پەنابەرانی ئێرانی -بێمەرز،حزبی عەدالەتی سوید شەبەکەی پەنابەری 2008 لە پێناو ڕاگرتنی دیپۆرتی پەنابەر (شێرکۆ نادر ) بەریان خست سەرئەنجام دیپۆرتی شێرکۆ ڕاگیرا.

سکرتاریتی فیدراسیۆن رایگەیاند دوای ئەوەی پەنابەر شێرکۆ نادر لە زیندانەوە فیدراسیۆنی ئاگادارکردەوە کە ڕۆژی 24-9 کاتژمێر 2 نیو بەکاتی سوید بڕیاری دیپۆرتی دەرچوو بۆ بەغدا ، فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی کەمپینێك لە پێناو بەرگرتن بە دیپۆرتی شێرکۆ بەرێ دەخات بۆ ئەم مەبەستە بە پێشرەوی (توفیقی محمدی) بەرپرسی ڕێکخراوی سازمانی سەراسەری پەنابەرانی ئێرانی لە یوتوبوری ڕۆژی 24 -9 بەهاوبەشی فیدراسیۆن و شەبەکەی پەنابەران وحزبی عەدالەت خواز و ژمارەیەك لە پەنابەران خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی دەگەیەننە بەردەم دائیرەی هیجرە لە کۆلەرێت ئەو شوێنەی بڕیارە بوو شێرکۆ نادری لێ دیپۆرتبکەنەوە خۆپیشاندەران بە ووتنەوەی دروشمی( نا بۆ دیپۆرتی پەنابەر شێرکۆ نادر )شەقامەکانی دەوروبەری ئەو زیندانە بەخۆیەوە گرێدەدات دوای 3 کاتژمێر بەرپرسێك لە زیندانەوە بە تۆفیقی محمدی ڕادەگەیەنن دیپۆرتی شێرکۆ ڕاگیراوە.

سکرتاریتی فیدراسیۆن رایگەیاند: سکرتێری فیدراسیۆن نامەیەك ئاراستەی وەزارەتی هیجرەی سویدی دەکات و داوا دەکات دیپۆرتی شێرکۆ ڕاگران و ئازادی بکەن لە زیندان ورێگە بە مانەوەی شێرکۆ و هاوسەرو منداڵەکەی بدەن لەسوید، هاوکات فیدراسیۆن لە درێژی ئەو هەوڵانەیدا لەپێناو بەرگری لەشێرکۆ و دوو بارە سکرتێری فیدراسیۆن نامەیەك ئاراستەی سەفیری سوید لە بەریتانیا دەکات لە وەڵامی سکرتێری فیدراسیۆن ووتە بیژی سەفارەت ( Louise Bonbecll) ووتی"سپاسی ئەو نامەیان دەکەین کە ئاڕاستە ئێمەتان کردوە ئێمە نامە و هاوپێچی نامەکەتمان ئاراستەی وەزارەتی خاریجی سوید کردوە لە ستوکۆڵم لە هەواڵی دواتر ئاگادارتان دەکەینەوە"

سکرتارێتی فیدراسیۆن سپاسی بێ پایانی ئاراستەی هەموو ئەو لایەن وپەنابەرانە کرد کە لەبەرگرتن بەدیپۆرتی شێرکۆ نادر دەوری بەرچاویان گێرا.

## درێژەی ..................گۆشەیەکی تر لە قوربانیانی تیرۆر و توندوتیژی

⋆ 17 سیبتەمبەر، لە ناحیەی ناڵپارێزی سەر بە قەزای پێنجیون کچێکی تەمەن 12 ساڵ کە خوێندکاری پۆلی پێنجەمی بنەرەتی بوو، دەکوژرێت. هەندێك ئەڵێن کوژراوەو ئەشوترێت کە ئەگەری ئەوەهەیە خۆی خۆی کوشتبێت.

⋆ کچێکی تەمەن 24 ساڵە لەگەڕەکی خانەقای شاری قەلادزێ بەناوی "گ،ح" دوای ئەوە ئەچێتە سەربانی ماڵێ خۆیان لەوێ گڕ بەرئەداتە جەستەی خۆی و خۆی ئەسوتێنێت، لەبەر زۆری سوتانەکەی لە خەستەخانە، گیان لەدەست ئەدات. هۆکاری ئەم خۆسوتاندنە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە ئەم کچە نەخۆشی دەرونی! هەبووە.

⋆ ڕۆژی 16 سێبتەمبەر، لە ئۆدوگای سەر بەقەزای ڕانیە ژنێك بەناوی " ن،س" تەمەن 25 ساڵ لەلایەن براکەیەوە، دەکوژرێت. و پاشان جەستەی ساردەوەبووی فرێ دەدرێت. هۆکاری ئەم کوشتنە تا ئێستا دیار نییەو ئاماژە بەوە دەکرێت کە پەیوەندی بەکێشەی کۆمەڵایەتیەوە بوو. و تاوانبارەکە گیراوە.

⋆ ڕۆژی 16/9/2008 لەگەڕەکی نەمرودی ناحیەی حاجیاوا,ژنێکی تەمەن 32 ساڵ بەناوی ( نەجاهەت عومەر مەحمود) کە 3 مانگە شوی کردووە, لەلایەن 4 برای خۆیەوە دەدرێتە بەر دەسرێژی گوللەو دەستبەجێ گیان لەدەستدەدات. هۆکارەکەی ئەوە بووە کە بەبێ ڕەزامەندی براکانی لەلایەن باوکیەوە بەشوودراوە لە بری پارەی سەیارەیەك. دادوەری قەزای ڕانیە لەسەر داوای هاوسەرەکەی نەجاهەت, وە بەپێی ماددەی 406ی یاسای سزادانی عێراقی, فەرمانی گرتنیانی دەرکردووە.

-ڕۆژی 17/9/2008 لە گەڕەکی خانەقای قەلادزە, کچێکی 24 ساڵ بە ناوی ( گوڵەباخ حەسەن حەمە)لە ماڵی خۆیان ئاگر لەخۆی بەرئەدات, لەبەر زۆری ڕێژەی سوتاویەکەی کە100% بووە هەر هەمان ڕۆژ دەمرێت. تائێستا هۆکارەکەی نەزانراوە.

⋆ لە ناحیەی باشوکی سەر بەپارێزگای موسڵ ژنێك بەناوی" س،خ" گڕی بەردایە جەستەی خۆی و بەهۆی زۆری ڕێژەی سوتانەکەی گیانی لەدەستدا. ئەم ژنە خاوەنی سێ منالْ بووە. و تائێستا هۆکاری خۆسوتاندنەکەی زۆر روون نییە.

⋆ بەرواری 18 دیسەمبەر لەگەڕەکی نەوروزی قەزای کفری ژنێکی تەمەن 24 ساڵە بە کلاشینکۆف خۆی دەکوژێت. هۆکاری دەستبردنی ئەم ژنە بۆ خۆکوشتنی بۆئەوە دەگێڕنەوە کە ئەم ژنە نەخۆشی دەرونی! هەبووە.

⋆ بەرواری 23 ی دیسەمبەر کچێکی تەمەن 25 ساڵ بەناوی "ل.م" لەگەڕەکی باداوی هەولێر بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتیەوە، پەنا دەبات بۆ خۆسوتاندن و خۆی دەسوتێنێ، لەبەر زۆری برینەکەی دوای چەند ڕۆژ مانەوە لەخەستەخانە گیان لەدەست دەدات.

⋆ هەروەها هەمان ڕۆژ 23 دیسەمبەر ژنێکی تر بەناوی"ح،ا" لە ناحیەی بێتواتەی سەر بە قەزای ڕانیە، لەلایەن مێردەکەیەوە بەناوی "م،ع" بەشێوەیەکی زۆر ئائینسانیانە لێدەدرێت وبریندار دەکرێت.

⋆ بەرواری 25 سێبتەمبەر ژنێکی تەمەن پەنجاساڵە لە گوندی شیلادزێی سەر بەقەزاری ئامێدی بەناوی "ش،ح" گڕ بەرئەداتە جەستەی خۆی و خۆی ئەسوتێنێ، دەڵێن هۆکاری ئەم خۆسوتاندنە ئەوە بووە کە ئەم ژنە نەخۆشی دەرونی! هەبووە.

⋆ ڕۆژی 26/9/2008 لە گەڕەکی شەهیدانی قەلادزە, کچێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی ( ئاریا فایەق ), فیشەکێك لە خۆی ئەدات و دەستبەجێ گیانی لەدەست ئەدات و لەوکاتەدا تەنها برایەکی لەخۆی بچوکتری لە ماڵ بووە. تا ئێستا هۆکارەکانی ئەم ڕووداوە نەزانراوە. و ئێستا پۆلیسی قەزای پشدەر لەسەر بڕیاری دادوەر لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکەن.

⋆ ڕۆژی 27/9/2008 لە گوندی بێرددی سەر بە ناحیەی سەرکەپکان, ژنێکی تەمەن 30 ساڵ بە ناوی ( س. ت. ق. ) لەلایەن مێردەکەیەوە کە ناوی ( أ. أ . )ە, بە قۆنداغە تفەنگ لێیدەدرێت. پاشان بۆ چارەسەرکردن دەبرێتە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە. لەسەر بڕیاری دادوەری قەزای ڕانیە، پۆلیسی ناحیەی سەرکەپکان لە کێشەکە دەکۆڵێتەوە.

⋆ئێواری 28 /9/2008 لە گەڕەکی کوردستانی شاری هەولێر کچێکی تەمەن 24 ساڵە لەلایەن باوکی کچەکەوە دەدرێتە بەر دەسترێژی گوللەو دەکوژرێت، هۆکاری کوشتنی ئەو کچە ئەوە بووە، ئەم کچە لەگەڵ خۆشەویستەکەی لەماڵی خۆیان بینراوە.

# بەشێك لە زیندانییە سیاسیەکانی کوردستان

25ی ئەم مانگە دوای ئەوەی دەستەی داکۆکی لە داخوازیەکانی زیندانییە سیاسیەیەکان، هیچ وەڵامێك بە یاداشتەکەیان نەدرایەوە کە لەماوەیەك لەوپێشترەوە ئاراستەی دەزگا پەیوەندیدارەکانیان کردبوو، دەستیان دایە خۆپیشاندانێکی هێمنانە بۆبەردەم بینایەی پارێزگای سلێمانی.

زیندانیە سیاسیە خۆپیشاندەرەکان، هۆکاری ئەم خۆپیشاندانەیان بۆئەوە گێرایەوە کە ئەوان پەروێزخراون و حکومەت و دەزگا بەرپرسەکان ئاوڕ لەژیان و خەبات و تیکۆشانیان نادەنەوە و وەکو هاوڵاتی زیندانی عێراق مامەڵەیان ناکریت کە پەرلەمانی عێراق بڕیاری لێداوە بە قەرەبووکردنەوەو بڕینەوەی موچە دیاریکراو بۆیان.

شایانی باسە حکومەتی مالکی ماوەیەك لەمەوبەر بڕیاریدا کە قەرەبووی هەموو زیندانیە سیاسیەکانی عیراق بکاتەوە و موچەیش بدات پییان بەپێی ڕادە و چونیەتی حوکمدانەکەو قورسی ئەو نەهامیەتیانەی ڕووبەڕووی زیندانیەکانی سەردەمی بەعس بۆتەوە. حکومەتی هەریمی کوردستان تا ئێستا جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەی حکومەتی مالکی پشتگوێ خستووە، کە کۆمەکی گەورە بە وەزعی ژیان و گوزەرانی زیندانیان دەکات.لەبەرامبەر ئەم بێدەربەستیەی حکومەتی هەرێمدا، بەشێك لەو زیندانیانە دەستیان دایە خۆپیشاندان و داویان کرد کە داخوازیەکانیان بگەیەنە دەزگا پەیوەندیدارەکانی کوردستان.

# خۆپیشاندانی جەماوەری وسەراسەری بەرەی مافی نیشتەجیبوون بۆ هەمووان

ئەم خۆپیشاندانە سەرکەوتووە ماوەیەکە سویسرای سەرقاڵکردووە، لە زۆربەی ڕۆژنامە ناوچەیی و سەراسەرییەکاندا گفتوگۆ لەسەر ئامانجەکان و چۆنیەتی بەدەستهینانی ئامادەکراوە. لە ڕۆژنامەی فۆتز کە هەفتانەیە بەبەهیزترین ڕۆژنامەکان دادەنریت دۆسیەیەکی 6 لاپەڕەیی بۆ ئەم بابەتە بەسەردێری (( ریگایەکی تر وجیا لە سیاسەتی کۆچ ))بلاوکردەوە. لەتەلەفزیۆن و رادیۆ سەراسەرییەکانەوە وینەو هەوال لەگەل رابەرانی بزووتنەوەی پەنابەری و پاریزەرانی مافی مرۆف وکۆمەلە جۆراجۆرەکانی پەنابەران سازدراوە. بەیاسای کردنەوەی هەمووان. نا بۆ کەمپی خواردن، نا بۆزیندانی پەنابەران، پەنابەری تاوان نییە، نا بۆ دیپۆرت، بەڵێ بۆ ژیان، بەڵی بۆ مافی نیشتەجیبوون ناوەرۆکی خۆپیشاندانەکە بوو.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لەسویسرا بەشداریەکی گەورەی بوو. سەرەتا لەلایەن شەهاب سالم بەزمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی وێڕای بەخیرهاتن، کورتەیەکی لەسەر ئامانجی ئەم خۆپیشاندانە باس لیوەکرد. جگە لەوە هاوڕییان بەچەندین پلاکارت و لافیتەکان بەدریژایی ڕی ڕۆشتنەکە بەشداربوون و سەرنجی جەماوەرییان ڕاکێشا.

لەبەردەم پەرلەمانی سویسرا لەشاری بیرن جەماوەریکی نزیک بە5000 هەزار کەسی کۆبوەوە، لە پێشدا گرازیلایا دی کۆئلان سەرۆکی ڕێکخراوەی پشتیوانی بێ سنوور سیاسەتی ڕاستی دەولەتی قاودا. پاشان ووتاری فیدراسیۆن لەلایەن جەمال کۆششەوە خوێندرایەوە.

بەمجۆرە بەرەی مافی نیشتەجێبوون بۆ هەمووان پێشرەویەکی تری نا، بزووتنەوەیەک ئالتەرناتیفیکی ئینسانی بۆ پەنابەران لەبری دوورخستنەوە لەکار و ڕاگرتنیان لە هایمی خواردنەکاندا، لەبری زیندان، لەبری دیپۆرت....مافی نیشتەجیبوون، مافی ژیان بۆ هەموو دانیشتوانی سنووری سویسرا بەماف دەزانن و پیویستە سویسرا ئەو سویسرایە بێت بۆ هەمووان.

# خوێن ڕشتن له‌ قوتابخانه‌ - تراجیدیای كاوهایۆكی

ئامادەكردنی: بنار مستەفا
bnarmustafa@yahoo.co.uk



له ماوەی كەمتر له ساڵێكدا، بۆ جاری دووەم له فنلاندا ڕۆژی ئاسایی قوتابخانه گۆڕدرا بە خوێنڕشتن و گیان له دەستدانی قوتابیان و كارمەندانی قوتابخانه و دروستكردنی برینێكی قوڵ و بیروەریەكی تاڵ بۆ زۆر كەس.
جاری پێشوو له شارۆچكەی یۆكێلا، نزیک بە شاری توسولا، خوێندكارێكی لاوی 18 ساڵ، بە دەمانچەوە خۆی دەكات بە ئامادەییەكەیاندا و تەقە لەوانە دەكات كە دێنە پێش چاوی. پاش 20 دەقە له تەقە و ڕاكردن بەمسەر و ئەوسەری قوتابخانەكەدا، 8 كەس گیان له دەست دەدەن، كه یەكێكیان بەڕێوەبەری قوتابخانەكە بوو و 12 كەسیش بریندار دەبن. له كۆتایدا تەقە له سەری خۆی دەكات و دواتر له نەخۆشخانه گیان له دەست دەدات.
هێشتا چۆنێتی ئەو ڕووداوە و برینە قووڵەكەی بە زەقی دیار بوو، هێشتا پرسیاری ئەوەی "ئەمە چۆن ئیمكانی بوو له فنلاندادا ڕوو‌بدات" بە گەرمی له ئارادا بوو... كه له شاری كاوهایۆكی، له قوتابخانەی بەشی خزمەتگوزاریەكان، ڕۆژی 23.9 كاتژمێر 11ی بەیانی، قوتابیەكی 22ساڵ بە جانتایەكی پڕ تەقەمەنیەوە دەچێتە قوتابخانه و له پۆلێكی قوتابخانەكەدا كه نزیكەی 20 قوتابی خەریكی وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی تاقیكردنەوە بوون، لەلایەن ئەم گەنجەوە تەقە ڕووبەڕویان دەبێتەوە و مامۆستا و 9 كەسی تر گیان لەدەست دەدەن و سێ كەسیش بریندار دەبن. له كۆتایشدا تەقە دەكات له خۆی و پاش چەند كاتژمێر له نەخۆشخانه، گیان له دەست دەدات.

ڕۆژێک پێشتر كوڕی تەمەن 22 ساڵ له لایەن پۆلیسەوە بانگكرابوو بۆ لێكۆڵینەوە، بە هۆی ئەو ڤیدیۆیانەی كه چەند ڕۆژ پێشتر له یوتوب و سایتەكانی دی ئینترنێت بڵاوی كردبوونەوە، كه تێیدا دەمانچە بەكار دێنێت و نیشانە دەگرێتەوە و له یەكێک له ڤیدۆكاندا، له كۆتاییدا دەڵێت: "كەسی داهاتوو كه دەمرێت، تۆیت!" لێكۆڵینەوەی پۆلیس بەو ئامانجە گەشت، كه لێسەندنەوەی مۆڵەتی چەكهەڵگرتن لێی پێویست نییە.
خاڵێكی هاوبەش له نێوان ئەو دوو كەسەی كه ئەم كارانەیان ئەنجامداوە هەیە: هەردووكیان له قوتابخانه ئازار درابوون، ڕق و بێزاری له ناخیاندا كۆبووبۆوە، بۆیە گومان دەكرێت كه قوتابخانەیان هەڵبژاردبێت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم كارەساتانە.



له دوای ڕووداوی دووەمەوە قسەوباسێكی گەرم و گوڕ جارێكی تەواوی دەزگا ڕاگەیاندنەكان و ناوەندەكانی فنلاندی گرتەوە. چۆن كارەساتێكی لەم جۆرە ئیمكانی دەبێت له فنلاندادا بخوڵقێت؟ چۆن له ماوەی كەمتر له ساڵێک دووبارە دەبێتەوە؟ ئەو كارانەی بڕیار بوون بخرێنە دەستووركارەوە له دوای ڕووداوی یەكەم، بە كوێ گەشتوون و چۆن نەبوونە ڕێگر له دووبارە بوونەوەی كارەساتی لەم چەشنە؟
"ئایا ئێستا قوتابخانه جێگەیەكی ئەمینە؟" پرسیارێكە كه لای هەمووان دروست بووە. ئاخر گیان لەدەستدانی 20 كەس له ماوەی 10 مانگدا كەم نییە، بە تایبەتی له وڵاتێكی وەک فنلاندادا، كه ڕێژەی دانیشتوانەكەی 5ملیۆنە و بە وڵاتێكی ئەمین ناوبانگی دەركردووە.

له ناوەڕاستی مانگی ئەپریلی 2007دا، له زانكۆی ڤرجینیا تێچ له ئەمەریكا، له چەشنی هەمان ڕووداودا، كه بە "تەقەكردنی قوتابخانه" ناولێنراوە، 33كەس گیان له دەست دەدەن و 23 كەسیش بریندار دەبن. "تەقەكردنی قوتابخانه" بە داخەوە له ئەمەریكا زۆر ڕوودەدات و بووە بە دیاردە، بۆیە كارەساتی وڵاتانی دی هەمیشە لەگەڵ ئەوێدا بەراورد دەكرێن و بەشێک له هۆكارەكانی بۆ ئەوێ دەگەڕێندرێتەوە. بەڵام ژمارەی دانیشتوانی ئەمەریكا 50 ئەوەندی دانیشتوانی فنلاندە، واتە ئەگەر له ئەمەریكا بە هەمان ئەندازەی فنلاند ڕوویبدایە، ئەوا دەبوو له ئەمەریكا له ساڵێكدا 1000كەس گیان له دەستبدات له تەقەكردنی قوتابخانەدا. بەڵام خۆش بەختانە هیچ كات و هەرگیز لەو ڕێژەیە نزیک نەبۆتەوە.
ئەوەی زۆر پێویستە ئێستا له فنلاندادا كاری لەسەر بكرێت و پێداچوونەوەی لەسەر بكرێت، یاسای مۆڵەتی چەكهەڵگرتنە، كه ئێستا قسەیەكی زۆر لەسەر دەكرێت. تەنها باسكردن لەوەی كه بۆ چ مەبەستێک چەكت پێویستە و لێكۆڵینەوەیەكی دەروونی، مۆڵەتی چەكهەڵگرتن وەردەگیریت. كوڕەكەی كاوهایۆكی، مانگێک پێشتر مۆڵەتەكەی وەرگرتبوو. له دوای ئەمەریكا و یەمەن، فنلاند سێهەم وڵاتی جیهانە، له زۆری



ژمارەی چەكدا بەرامبەر بە دانیشتوانەكەی، بەرامبەر بە هەموو 100كەسێک 56 چەک هەیە. تەنانەت وڵاتانی وەک عێراق و سێربیاش له دوای فنلانداوەن.
سەرەتای كۆتایهێنان بە كارەساتە دڵ تەزێنەكان، بە كۆكردنەوەی چەكەكان دەست پێدەكات. بە باشكردنی هەلومەرجی دەروونی لاوەكان، بە ژیانێكی شایستە بۆ مرۆڤ. بەڵام بە داخەوە له دنیای سەرمایەداریدا، بەرهەمهێنانی چەک و دابشكردنی بەسەر خەڵكیدا، كارێكی ڕۆتینە. هەروەها پەراوێزخستنی تاكەكان و بێزاربوون له

# قەیرانی ئابوری لە بازاڕی ئازادی سەرمایەدا

ئازاد بەكر




ئەمڕۆ وەک لە سەرجەمی میدیاكانەوە بەر گوێمان دەكەوێ ئەمەریكا بەدەست قەیرانی ئابووری و دارایی یەوە هاوار و ناڵەناڵیەتی، سەرەڕای شكستی ئەو زلهێزە داگیركەرە لە جەنگەكانی عێراق و ئەفغانستاندا، وا بەدوایدا شكستی نوێ تۆماردەكات و لەبەردەم كێشەی بازاڕی دراودا بە چۆكدا هاتووە. سەرۆكی ئەمەریكی جۆرج بۆش بەپەلە هاتە سەر تەلەفزیۆن و داوای هاوكاری لە سەرانی پاڵێوراوی كۆماریەكان ماكین و ئۆبامای دیموكراتەكان و سەرجەم سەرمایەداران كرد بێن و بەفریای ئەم قەیرانەوە بچن و چارەسەرێكی بۆ بدۆزنەوە. دوای كۆبوونەوەیەكی سێ سەعاتی نێوان كۆماری و دیموكراتەكان بە خێرایی پلانی گەورەی دەربازبوون بە 700 ملیار دۆلار پێشنیاركرا. هەرزوو لە میدیاكانەوە ناوێكی تازە بۆ ئەم بەڵایەی ئابووری ئەمەریكا بەسەری هاتووە دۆزرایەوە و ناوی نرا ئەیلولی ڕەش، لە سەرەتای كاریگەری سەرهەڵدانی ئەم قەیرانەدا بانكی گەورەی ئەمەریكی لیمان برازەر هەرەسی هێناو نابوتی خۆی ڕاگەیاند. وا ئێستاش خەریكە بازاڕی گەورەی دارایی جیهان دەكەوێتە مەترسیەوە و بانكەكانی تریش لە قەراغی هەرەسدان، هەر ئێستا خەریكە شەڕی ڕاگەیاندنی ووڵاتانی گەورەی سەرمایەداری دەست پێدەكاو هەموویان كەوتونەتە لۆمەو سەرزەنشتی ئەمەریكا كە چۆن دەست ئاواڵەیی یاسای ئابووری بازاڕی ئازاد و داگیركاریەكانی ئەمەریكا بەناوی دیموكراتیەتەوە خەریكە جیهان بەرەو قەیرانێكی تری مەترسیدار و سامناكتر دەبات. هەر لەم یەک دوو مانگەدا بوو شارەزایانی ئابووری بەریتانی حكومەتەكەیان لە شكستی ئابووری ئاگاداركردەوە و ووتیان شەست ساڵیش دەبێت بەریتانیا سستی و نائارامی ئابووری وای بەخۆوە نەدیوە و گەر كاریش وابڕوات دەبێت زۆر لە دامەزراو و كارگاكان دابخرێن و بێكاری دەچێتە ئەوپەڕی فراوانبوونی. ئیتر ئەمەش نموونەی بازاڕی ئازادەكەی ڕۆژئاوایە كە دڵی بەوە خۆش بوو دەتوانێت ئەلتەرناتیڤی سیستەمی سۆسیالیستی بێت و بە هێمنی گوزەرانی ئینسانەكان مسۆگەر بكات. بۆشی سەرۆكی ئەمەریكا زۆر ڕاشكاوانە ووتی هەر كەس لە ژن و پیاو و منالی ئەمەریكا 2300 دۆلاری بەردەكەوێ و دەبێ بیدات تا لەم تەنگەژەیە ڕزگارمان بێت، واتە گەر خەڵكی هەژار و كرێكاری ئەمەریكا پارەكەی نەبوو حكومەت باجی سەردانیشتوان بەرزتر و كرێ ی كرێكاران دێنێتە خوارەوە، واتە جارێكی تر خەڵكی دەبێ قەرەبووی زیانەكانی سیاسەتی چەوتی سەرمایەداری ئەمەریكا بكەنەوە. لەلایەكی ترەوە ئەمەریكا ئێستا بازاڕەكانی ساغكردنەوەی كاڵاكانی لە دابەزیندایە هەر بۆیە پێویستی بە شەڕو ماڵوێرانی زیاتری ووڵاتانی تر هەیە بۆ تێكدان وهەڵتەكاندنی ژێرخانی ئابووری ئەو ووڵاتانەو پەیداكردنی بازاڕی نوێ بۆ فرۆشتنی كاڵاكانی، ئێستا خەڵكی ئەمەریكا بەتایبەتی ئەوانەی قەرزی بانكیان هێناوە بۆ كڕینی خانوو یان پارە یان لایە لەبەر دەستكورتی و كەمی كرێ و بەرزبوونەوەی كاڵا پێویستیەكانی ڕۆژانە و لەدەستدانی كار لە لایەن كرێكارانی ترەوە ناتوانن قەرز بگەڕێنەوە، ئەمەش هۆیەكی تری شكستی بانكەكانە، سەرەڕای شكست و سستی ئابووری جیهانی و نەگبەتیەكی تری ئەم نیزامەیە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی. ئەمەیە بازاڕی ئازادی بەرهەم و گۆڕینەوە و وەبەرهینان ئەمەیە ئاكامی چالاكی ئابووری بۆرژوازی جیهان و پشتكردنە داخوازی و پێویستیەكانی مرۆڤ و دابەشكردنی داهات و سامانی كۆمەڵگە بە ناتەواوی و نایەكسانی. سەرمایە باری ئابووری ناجێگیر و شكست خواردووە و خەوی بۆرژوا لیبراڵەكانی بازاڕی ئازاد بەتاڵ دەبێتەوە. وا جارێكی دی هێرشێكی نوێ چینی كرێكار دەهاڕێ و دیموكراسیە درۆینەكەی سەرمایەداری بە فێڵ و تەڵەكەبازی دایمەزراندبوو كونی گەورەتری تێبووە و بەئاسانی پینە ناكرێ. ئەم ڕژێمە نەک ناتوانێ هەژاری و بێكاری چارەسەر بكات بەڵكو زیاتر و زیاتری دەكات، تەنیا ڕێگاش بۆ دەربازبوونی چەوساوەكانی سەر ئەم گۆی زەویە خەبات و تێكۆشانە لە پێناوی سیستەمی ئابووری و سیاسی خۆیان كە سۆسیالیزمە.



# یەکێتی زانایان یان یەکێتی خزمەتکاری و دژی ئازادی!!

ڕەمەزان سابیر

بەرواری 20/9/2008 بەیاننامەیەك لەژێر ناوی (یەكێتی زانایانی ئیسلام) دا هاتووە كەسەرباری ئەوەی داوای داخستنی ڕۆژنامەی ئۆكتۆبەر ئەكا، هاوكات بەجۆرێكی بێ ئیحترامانە هێرش ئەكات و ئیهانەت و سوكایەتی بەو كەسانە ئەكا كە ئەم ڕۆژنامەیە دەرئەكەن، كە ئەگەر بۆیان بلوێ لەم كوردستانە خۆیان وتەنی پڕ ئازادی و دیموكراسیەدا ملی یەك بەیەكەیان بە شمشێری پیرۆزی ئیسلام ! ئەقرتێنن.
بۆكەسێك كە ئەم یەكێتی زانایانە نەناسێت ڕەنگە بڵێت ئەمانە كۆمەڵێكن كە زانستی دونیا لەسەردەستی ئەمانە دروست بووە، بەڵام بۆ كەسێك كە ئەمانە بناسێت ئەوە یەكسەر تێدەگا كە یەكێتی زانایان یانی یەكێتی مۆركردنی سەرجەم ئەو تاوانە گەورانەی كە ڕژێمە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق دەرحەق بەخەڵكی كوردستان ئەنجامیان داوە. یەكێتی زانایان یانی ڕیاكاری و مۆچەخۆری بۆ هەر دەسەڵاتێكی مەوجود لە ساحەی سیاسیدا. كێن ئەوانەی كە كەلتوری بەعسیان لەكوردستان بەرزو بەڕێز ڕاگرتووە، ئێوە كە بە بڕی ( 250 ) دینار لە ساڵی 1988 لە سلێمانیەوە بە پەلە خۆتان دەگەیاندە دەزگاكانی ڕژێم بۆ وەرگرتنی پارەكەو بە حەق زانینی ئەنفال یان ئەو كەسانەی كە لەڕۆژنامەی ئۆكتۆبەردا نەهامەتیەكانی خەڵك و گەندەڵی دەسەڵاتەكان باس ئەكا؟ ئێوە كە لەپشتی دەسەڵاتێكەوە قسە ئەكەن كە نەیتوانیووە بچوكترین داخوازیەكانی خەڵكی كوردستان فەراهەم بكات یان كەسانێك كە هەمیشە لەڕیزی پێشەوەی نارەزایەتیەكانی خەڵكدان، ئێوە بەدرێژایی تەمەنی پڕ لەخزمەتكاری و ڕیاكاریتان بۆ تەنها جارێكیش بێت بیرتان لەوە كردوەتەوە كە دیفاع لە بچوكترین خواستی خەڵك بكەن؟ ئێوە لەكاتێكدا كە یەكێتیەكەتان لایەكی بە لیستی سەوز داپۆشرابوو لایەكەی تری بە لیستی زەرد بۆچی لەو هەمو كوشتارەی نێوان ئەم دوو لیستەدا ورتەتان لەدەم نەهاتە دەرەوە مەگەر بە ئەمری ئاغاكانتان. حەڤدە ساڵە خەڵكی كوردستان بێبەشن لەسەرەتاییترین ماف لەكوردستان ئێوە لەكوێن؟ حەڤدەساڵە خەڵكی كوردستان بێئاوی و بێكارەبایی ئەكێشن ئێوە لەكوێن؟ یان ئایا ماڵەكانی ئێوەش بێ ڕووناكین؟ حەڤدە ساڵە خەڵكی كوردستان بەدەست بێكاریەوە ئەناڵێنێ ئێوە لەكوێن؟ حەڤدەساڵە لەكوردستان هەزاران ژن بوونە قوربانی ئەو ناموسپەرستیەی كە ئێوە ئاڵاكەیتان بەرز ڕاگرتووە بۆچی ورتەتان لەدەم نەهاتە دەرەوە؟ هەزاران منداڵ لەسەر جادەن و كاریان پێئەكرێ و ئیهانەت و سوكایەتیان پێئەكرێ ئێوە لەكوێن؟ هەزاران خێزان بێخانەولانەن ئێوە لەكوێن؟ ئێوە پێناسەی بەعسی بوون بەچی دائەنێن؟ كاتێك كە ئێوە لە بڵندگۆی مزگەوتەكانەوە بە سەددام حوسێنتان ئەوت ( حەفیزەهو اللە ) ناوی چی لێئەنێن ؟
ئێوە لەدرێژایی هەموو تەمەنتاندا بەوەی زەمانی بەعس و ئێستای یەكێتی و پارتیتانەوە تەنها یەك هەڵوێستتان هەبووە كەدیفاع بێت لەخەڵك؟ ئێوە بەدرێژایی تەمەنتان چوونە پشتی هەموو ئەوتاوانانەی كە دەسەڵاتەكان دەرحەق بەخەڵكی كوردستان ئەنجامیانداوە، ئێوە ئەگەر دادگایەكی عادیلانە هەبێت دەبێت دادگایی بكرێن بەتاوانی پاساوكردن و چوونەپشتی ئەو تاوانانەی كە لەلایەن دەسەڵاتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراقەوە دەرحەق بە خەڵكی كوردستان ئەنجام دراون، ئێوە زانان بەڵام لەچ بوارێكدا جگە لەبواری خزمەتكاری وشەرعیەتدان بە نەهامەتیەكانی خەڵكی كوردستان.
من لێرەوە بانگەوازی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد ئەكەم كە هەڵوێست بگرن لەبەرامبەر بەم نامەقوڵیەی ئەم یەكێتیەدا وە ڕێگە نەدەن كە هەركەسێك و هەر لایەنێك بە ئارەزووی خۆی هێرش بكاتە سەر ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان .

## ئازادی ڕادەربڕین، لەمافە سەرەتاییەکانەو ئەبێت هەمووکەس لێی بەهرەمەند بێت

# مینبەری هەڵسوڕاوان

هەرجارەو چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێک لەهەڵسوڕاوان و ڕابەرانی مەیدانەکان

## دیمانە لەگەڵ مامۆستا کامەران و مامۆستا قاسم سەبارەت مانگرتنی مامۆستایانی قوتابخانەو خوێندنگەکان

ئەوەی لێرەدا بڵاودەبێتەوە مەرج نیە لەگەڵ خەتی سیاسیو تەوجیهی گشتی ئۆکتۆبەردا بێتەوە، خاوەنەکانیان لێی بەرپرسیارن



**ئۆکتۆبەر: ئەم مانگرتنە بۆچییە، ئامانجەکانی چین ؟**

**مامۆستاکامەران :** مامۆستایان لە سەرەتایی ئەم ساڵەوە کۆمەڵێك داواکارییان پێشکەشی حکومەت کرد، بەڵام بەداخەوە حکومەت بە هیچ شێوەیەك بەدەم داواکارییەکانی مامۆستایانەوە نەهات و پشتگوێی خست کە بە شێوەیەکی گشتی داواکارییەکانی مامۆستایان خۆی لەم چەندخاڵەدا دەبینێتەوە .

نەهێشتنی گەندەڵی لە نێو پرۆسەی خوێندندا .

- هەڵوەشانەوەی بڕیاری لابردنی بەڕێوەبەرەکان بە کەسانێك کە بڕوانامەی بەکەلۆریۆسیان هەیە .
- نەبڕینی دەرماڵەی پیشەیی مامۆستایان کە (125)هەزار دینارە، وەگەڕانەوەی دەرماڵەی شەش مانگی ڕابردوو کەبڕاوە .
- دابینکردنی زەوی وشوقەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو مامۆستایانەی کە سوودمەند نەبوون لە حکومەت .
- کردنەوەی خوێندنگەی نوێ لەسەر سیستمی تازە وپێداویستیەکانی .
- ناردنە دەرەوەی مامۆستایان بۆ دەرەوەی وڵات بەبێ جیاوازی بە مەبەستی شارەزابوون و کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی جیهان .

لابردنی کەسانی حیزبی لە نێو یەکێتی مامۆستایان و دانانی کەسانی سەربەخۆ ولێهاتوو کەبتوانێت نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی مامۆستایان بێت .

ئەمانەو چەند خاڵێکی تر بە گشتی ئامانجەکانی مامۆستایان بوو لەم مانگرتنەدا

**ئۆکتۆبەر: یەکێتی مامۆستایان لەم بارەیەوە هەڵوێستیان چۆن بوو ؟**

**مامۆستا کامەران :** یەکێتی مامۆستایان وەك هەمیشە ویستویەتی کە کێشەکان ماتەڵە پێبکات ودوابکەوێت بۆ ئەوەی مامۆستایان ئەو گوڕو تینەی کە هەیانە یەکەم جار نەمێنێت و شکست بە مانگرتنەکە بهێنن، یەکێتی مامۆستایان کارێکی نەکردووە کە دڵی دەسەڵاتداران لە خۆی بڕەنجێنێو دژی بەرژەوەندیەکانیان بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمیشە گوێ لەمستی دەسەڵاتداران بووە ڕێنماییان لە مەڵبەند ولقەوە وەرگرتوە.

چونکە ئەوانەی لە نێو یەکێتی مامۆستایاندان سەر بە یەکێتی وپارتین و ناتوانن کارێك بکەن لە بەرژەوەندی حکومەت نەبێت .

بەڵام هەندێ لە مامۆستایان کە لە

پەنجەی دەست تێپەڕ ناکات لە نێو یەکێتی مامۆستایان ئەم جارە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی مامۆستایان هاوڕابوون هەروەها لە ژێر فشارێکی زۆری مامۆستایان بە گشتی توانیان مانگرتن ڕابگەیەنن. کە لە 9 دا هەندی لە خوێندنگاکانی ناوچەی بازیان وناوچەی گەرمیان مانگرتنیان ڕاگەیاند وە لە 23/9 دا بە هەمان شێوە سلێمانی دەستی پێکرد، کە نزیکەی (350) خوێندنگە لە سلێمانی ودەوروبەری مانگرتنیان ڕاگەیاند کە ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی فشارێکی زۆرگەورە لە سەرحکومەت ویەکێتی مامۆستایان کە ناچاربوون کۆبوونەوەیەکی بە پەلە ئەنجام بدەن کە پێکهاتبوون لە لیژنەیەك لە وەزارەتی دارایی و یەکێتی مامۆستایان ولیژنەیەك لەومامۆستایانەی کە سەرپەرشتی مانگرتنەکەیان کردبوو .

لەم کۆبوونەوەیەدا بە بەیاننامەیەك کۆتاییهات کە ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بریتیی بوو لەوەی کە 27/9 دەستبکرێتەوە بە دەوامی ئاسایی لە قوتابخانەکان، حکومەتیش بە دەم داواکارییەکانی مامۆستایانەوە بچێت و پشتگوێی نەخات ،

وە ئاگاداری سەرجەم مامۆستایان کراوە کە تاکو 9/10 وەڵامی ڕەسمی داواکارییەکانی مامۆستایان نەدرێتەوە دووبارە مانگرتن ڕادەگەینین، بەڵام ئەم جارەیان سەرتاسەری وفراوانتر دەبێت کە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان بگرێتەوە، وە لە هەمانکاتدا بە هیچ شێوەیەك گوشار نەخرێتە سەر مامۆستایان بۆ شکاندنی مانگرتنەکە.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەر حکومەت داواکارییەکانی جێبەجێنەکرد، مامۆستایان هەڵوێستان چۆن دەبێت ؟**

**مامۆستا کامەران:** من هیوادارم سەرجەم داواکارییەکان جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەگەر داخوازییەکان جێبەجێ نەکرا ئەوا ئەم جارەیان داوا لە مامۆستایان دەکەین کە بە شێوەیەکی زۆر فراوانتر وگەورەتر و چاونەترسانەتر لە یەکەم جار بێنە پای جێبە جێکردنی داواکارییەکان، چونکە بە مافی خۆمانی دەزانین لە ئاست ئەو هەموو هیلاکی وماندووبوونە زۆرەدا تەواوی مافەکانمان دەستەبەربکرێت، وە داوا لە مامۆستایان دەکەم لە دەوری یەکتر کۆببنەوە وکۆبوونەوەی گشتی ئەنجام بدەن ونوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن کە بتوانێ بەرگری لە ماف وداخوازییەکانی مامۆستایان بکات .

**ئۆکتۆبەر: سەرەتا ڕوونکردنەوەیەکمان بدەنێ سەبارەت بە چۆنیەتی دەستپێکدنی مانگرتنەکە ؟**

**مامۆستا قاسم:** سەرەتا من وەک مامۆستایەک دەست خۆشیتان لێئەکەم بۆ ئەو بەتەنگەوە هاتنەتان بۆ بە ئاگابوون لە خواست و کێشەکانی مامۆستایان .

من ئەتوانم وەک ڕونکردنەوەیەک لەمەڕ دوایین کارەکانی مامۆستایان و چەند ڕونکردوەیەکتان بدەمێ. بەڵام وابەباشی ئەزانم پێشینەیەکتان لەو کارانە بدەمێ کەهەڵسوڕێنەرەکان بۆ بەئەنجام گەیاندنی خواستی مامۆستایان گرتویانەتە بەر .

ئاشکرایە مامۆستایان وەک چینێکی ڕۆشنبیرو هەڵسوڕاو لەکۆمەڵگادا هەردەم ویستویەتی، بەو پەڕی تواناوە ڕێگای زانستیانەی سەردەم نیشانی نەوەی داهاتوو بدات. باڵام ئەم چینە لەکوردستاندا لەژێر سایەی حکومەتی هەرێمدا ڕۆژ بەڕۆژ هەست بە فەراهەم بوون دەکات. بەو پێیەی کە زۆرینەی ئەم چینە لە کەمترین خۆشیەکانی ژیان بێبەشکراوەو، بە پێچەوانەوە بۆ بەدەستهێنانی باشترکردنی ژیانیان ناچار کراون کە بەدەر لەکارەکانی خۆیان کاری تر بکەن کە زۆرجار ئەو کارەی ئەیکەن بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ پیشەکەی خۆیدا نایەتەوە .....

هەر بۆیە دوای ئەوەی کە لەلایەن لێپرسراوی کەرتەکانەوە کە ئەمانە نوێنەری مامۆستیانن لە (ی،م،ک). لە دو توێی کۆمەڵێک خاڵدا یاداشتی خۆیان پێشکەشی (ی،م،ک و و.پ و ب.پ)کرد، و پاش ئەوەی هیچ وەڵامێک لەو بارەوە وەرنەگیرا، بۆیە ناچاربوین بە ئیمزا کۆکردنەوە، دوای ئەوەی نزیکەی (سیانزە هەزار)ئیمزا لەسنوری سلەیمانی کۆکرایەوە. ناچار (ی م ک) پشتیوانی بۆکارەکە دەربڕی. پاشان وایان ڕاگەیاند کە وەزارەتی پەروەردە دەست بەکاردەبێت بۆ بەدەست هێنانی داخوازیەکانی مامۆستایان. بەڵام کاتێک هیچ وەڵامێک بەفەرمی نەگەیشتە هیچ یەک لە قوتابخانەکان.

** ** **

# (میکی ماوس ) و فتوای ئیسلامیەکان

**حەمەغەفور**



"ئینزار؛ ئاگادارین، (میکی ماوس) مەترسییەکی گەورەیەو هەڕەشە لە منالانی موسڵمانان ئەکات!" ئەمە سەرەتای فەتوای کوشتنی میکی ماوسە لەلایەن شێخێکی سعودییەوە. میکی ماوس ئەو کەسایەتییە کارتۆنییە ناودارو خۆشەویستەیە کە بە پانتایی جیهان بەردەوام شەپۆلی شادیو خۆشیو بەختەوەری پەخش ئەکاتەوەو بە جوانترینو بێوێنەترین شێواز لە ڕێگای فەنتازیا کارتۆنیەکانیەوە ئاوپرژێنی ئاسوودەیی دڵو دەروونی منالانی جیهان دەکات، لە چاوانیاندا شادیو ئارامی ئەچێنێت، بە خەندەو پێکەنین سیماو ڕوخساریان ئارایشت ئەداتو خونچەی لێوەکانیان ئەگەشێنێتەوە، بە گوێرەی عەقڵو لێکدانەوەی شێخ محمد المنجد کە یەکێکە لە داعیە ئیسلامیەکانی مەملەکەتی عەرەبی سعودی، کە ماوەیەک بەر لە ئێستا لە تەلەفزیۆنی (المجد)ی سعودیەوە فەتوای دا کە میکی ماوس جوندییەکی شەریکی شەیتانو ئیبلیسەو هەر ئەویش ئاراستەی دەکات، بۆیە وەکو چۆن لە شەرعو ئەحکامی ئاینی ئیسلامدا "مشکی ئاسایی قێزەونو پیسە وە پێویستە لە هەموو شوێنێک



بکوژرێتو لەناوببرێت، بە هەمان شێوە دەبێ میکی ماوسیش لەناوببرێت".

بەلام لە واقعدا شێخ المنجد لەوە پەستو تووڕەو شێت نەبووە کە گیاندارێکی "قێزەونی" وەکو مشک گوایا کەسایەتییەکی فیلم کارتۆنی ناودارو مەحبوبی ئەوتۆی ناو منالانی جیهانی تێدا بەرجەستە کراوە بە منالانی موسڵمانانیشەوە کە شەخسییەتێکی وەکو میکی ماوسە، بەڵکو ئەم شێخە لەوە هەراسان بووە کە میکی ماوس بۆتە هێمای بەختەوەریو ئاسوودەییو شادیو خۆشیی منالان. لە بنەڕەتدا المنجد لەوە هارو شێت بووە کە منالان بە عیشقو عەلاقەوە باڵدەگرن بۆ لای میکی ماوسو لەناو جیهانی فەنتازیای شادیو خۆشەویستیو خەندەو ئاسوودەیی دا نوقوم ئەبنو ئاگایان لە جیهانی حەماقەتو ترسو خورافاتی ئیسلامی نامێنێ.

شێخ المنجد نوێنەرایەتی جووڵانەوەیەکی موتەعەسیبی ئایینیو ئاراستەیەکی سیاسی ئیسلامی تیرۆریستو شمشێر بەدەست ئەکات کە وەکو دڕندە لەناو دنیای تاریکی خۆیانەوە پەلاماری هەموو شتێکی جوان ئەدەن، وە هەر تەنها بەمە کە بە ئاستەم هەستیان بەر بەختەوەری بکەوێت نائومێدیو دڵڕەشی دایان ئەگرێو دەماری ملیان بەرزئەبێتەوەو بەر چاویان هێندەی تر تاریک ئەبێت. هەستکردنی ئەمانە بە ئاسوودەیی لە هەر جێگایەک بێت، یاخود هەستکردنیان بە بەختەوەریو کامەرانی ئەوانی تر بێهەراسیو دڵتەنگیو ناڕەحەتیو زەبوونیان بۆ دێنێت، بۆیە ئەیانبینین هێرشو پەلامار ئەبەن بۆ سەر هەموو دیاردەو شتێکی جوان لە ژیانماندا وە لە ژیانی منالەکانیشماندا وەکو (میکی ماوس) وە (تۆم و جێری).

شێخو پیاوانی ئایینی لە نەوعی محمد المنجد ئازادن بۆ خۆیان هەتا ئەتوانن لەناو دنیای حەماقەتو زەبوونیو خورافاتی خۆیانو مەزهەبەکەیاندا ڕۆبچنو لەناو موزەخرەفاتی ئایینیاندا بتلێننەوە، بەڵام ڕێگایان پێنادەین ژیانمان لێ بکەن بە زەلکاوی نائومێدیو ڕەشبینیو ڕقلێبوونەوە. ئەگەر لە شاڵاوی فەتواکانی ئەم دواییانەی چەقی قورسایی ئاینی ئیسلامو نوێنەرانی ئیسلامی سیاسی ووردبینەوە، لە ئێرانو ئەزهەرەوە بۆ مەککەو لەوێشەوە بۆ مەغریب، بۆمان ڕوون ئەبێتەوە کە زریانێکی کۆنەپەرستی هەڵیکردووە لە دژی ژیان، لە دژی هەموو شتێکی جوان وە هەموو دیاردەیەکی شادی هێنەر.

سەرەنجام دوای پڕبوونی دڵو دەروونەکان لە قین لە دڵییو ڕق لێبوونەوە لە بەرامبەر ژیاندا، ئەو کاتە سەرەتای ئاسوودەییو فیردەوسی عاجباتی ئەم پیاوە ئاینیانە دەست پێدەکاتو کەمێک حەماقەتیان هێور دەبێتەوە. ئەمانە لە شادیو خۆشی خەڵکیدا زەبوونیو داماوی خۆیان ئەبیننەوە، بۆیە کوێرانە پەلاماری کامەرانی ئەدەن.

فەتوای کوشتنی نووسەری ناسراو سەلمان ڕوشدی لەلایەن ئایەتوڵا خومەینییەوە، فەتوای کوشتنی تەسلیمە نەسرین، فەتوای کوشتنی ڕێبوار ئەحمەد، شێرکۆ بێکەس، مەریوان هەڵەبجەیی، ئارام ڕەشیدو هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستو ژنانی ئازیخواز لە لایەن ئیسلامییەکانی کوردستانەوە، فەتوای کوشتنی هەموو خاوەن کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکان لە لایەن شێخ سالح الحمدان سەرۆکی شورای باڵای قەزای سعودیەوە، فەتوای ڕێگەدان بە زەواجی کیژانی تەمەن 9 نۆ ساڵان لەلایەن محمد المغراوی مەغریبییەوە، وە فەتوای قەدەغە کردنی دەرکەوتنی لەشی ئافرەتان تەنانەت لە کاتی شیردان بە منالانیشیان، شاڵاوێکی کۆنەپەرستانەی ئیسلامییە بۆ سەر ژیانی ئاساییو دیاردە جوانەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، پەلامارێکە بۆ نوقومکردنی ژیان لەناو کۆنەپەرستیو دڵڕەشیو نائومێدیدا. بۆیە لە ئاکامی ئەم زریانە ڕەشەدا خۆشەویست ترین هاوڕێی منالانی جیهان، یانی میکی ماوس‌یش وەکو هێمای شادیو کامەرانی جیهانی منالان ئەکەوێتە بەر هێرشی ئەم جووڵانەوە تاریکپەرستانەوە. بەڵام بە پێچەوانەی بۆشایی عەقڵی قینئامێزو ڕقوەشێنی ئیسلامییەکانەوە کاروانی لە ئامێزگرتنی ژیانو بەختەوەری ڕۆژ بە ڕۆژ گەورە ترو فراوان تر ئەبێتەوە، وە خۆشەویستی منالانیش بۆ میکی ماوس



زۆر ترو گەرموگوڕتر دەبێت. لە هەمان کاتیشدا ڕەشبینیو دڵڕەشیی بەرهەمی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی زیاتر تەنگ بە شێخو مەشایەخو مەلاو ئاخوندەکانی هەڵئەچنێت.

خەڵکی جیهان، بەتایبەت خەڵکی وڵاتانی ئیسلام لێدراو دەبێ ئەم هێرشانەی فەتوادەرانی ئیسلامی بەرپەرچ دەنەوەو ڕیسوایان کەن. منالانی جیهان دەبێ لە شادیو کەیفو بەختەوەری بەهرەمەند بن. لەبەر ئەوەی منالە چوار ساڵانەکەی خۆم ئەبینم کە بە شێوەیەکی سەرسووڕ هێنەر لەگەڵ میکی ماوسدا ئەژیو ئەچێتە ناو جیهانە فەنتازیاکەیەوەو پێکەوە لە پێکەنیندا ئەکەون بە پشتداو پڕ ئەبن لە شادیو کامەرانییان لێ ئەچۆڕێ، ڕێگا بە خۆم ئەدەم بە ناوی منالانی کوردستانەوە پەیامی پشتیوانی بنێرم بۆ میکی ماوسو مینی ماوسی هاوڕێی. بەمجۆرە ناڕەزایەتی منالانی کوردستان دەگەیەنمە پیاوانی ئیسلامی لە سعودیەو لە جیهانیش. وە هەر لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرمو سەری ڕێزو قەدرزانین بۆ دیزاینەری ئەمریکایی داهێنەری کەسایەتی میکی ماوس واتە (Walt Disney) دائەنەوێنم. بە ئیسلامییەکانیش ئەڵێم، فەتوای ئیعدامکردنی میکی ماوس لە لایەن شێخ المنجدەوە ئەم شەخسیەتە کارتۆنییەی ناودار ترو خۆشەویست تر کرد لە ئاستی هەموو جیهاندا، چ لای منالانی جیهان چ لای گەورەکان.

25/9/2008

# منصور حکمت لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە لەباربردن

هەندیك لەو باوەڕەدان کە هەر فورمولبەندیەك کە مافی لە باربردنی منال نەك بە "ایجابی" بەلکو بە "سلبی" لیك بداتەوە، ئەم مافە مەحدود دەکاتەوەو بە عەمەلی وا لەژنان دەکات کە لە هەموو هەلومەرجیکدا کورپەلەکەیان بهیلنەوە. ئەلین ئەم بەندە فەزایەکی ئەخلاقی لە بەرامبەر ئەم کارەدا پیك دینی کە لە بەرژەوەندی ژناندا نیەو دەستی کلیسا و دین ئاولا دەکات لە مەحدود کردنەوەی مافی بریاردانی ژناندا.

منصور حکمت :ئەم نموونەیە هەر هەمان تەبدیل کردنی ژنە بەکەمایەتی‌یەکی صنفی تحت الحمایەو هەتیو کە پیشتریش باسم کرد. ئەمانە ئەیانەوی ژن تەنانەت لە چوارچیوەی باسکردن لە ماهیەتی ئینسانی و فەلسەفی لە باربردنی منال بخەنە دەرەوەو حەقی بەسەریەوە نەبیتو هیچ نەلیو نەبیستی. ئەیانەوی "تویژی ژنان" تەنانەت لە حەقیقەت دوور رابگرن و ریگریان بو پیك بهینن. تازە هەر لەم دنیا جیاکراوەیەی تویژی ژنانیشدا هیشتا مەعلوم نییە بوچی لە پیناوی چمیر مرتاح کردنو ئاسوودەکردنی ویژدانی ئەو ژنانەدا کە منالەکانیان لەبار ئەبەن، دەبی ئەو ژنانەی کە پییان وایە لە باربردنی منال هەر چونیك بیت کاریکی تالە کە دەبی کومەلگا روژیك لیی رزگار ببیت ، بی دەنگ بن و لە بەرامبەر یەکیك لە گرنگترین گرفتە فکری‌یەکانی میژووی بەشەریەتدا بیدەنگو بی دەربەست بن. ئەگەر لە باربردنی منال مافیکە، لیکولینەوەو بەیان کردنی حەقیقەتیش مافیکی ترە. ئەمانە هەردووکیان بەقازانجی ژنانن. تەنانەت ئەگەر بەقازانجی بریك لە فیمینیستەکانیش نەبیت.

سەبارەت بە مەسەلەی کلیسا، ئەمەمان زور بەر گوی دەکەوی کە تیروانینی سلبی بەرنامە سەبارەت بەخودی کرداری لەباربردنی منال، سەرباری خواستی قانونی بوونی، ئاو بە ئاشی کلیسا و بالی راستی مەزهەبیدا دەکات. ئەمە تیگەیشتنیکی لەئەندازە بەدەر لاوازە. نموونەی پیچەوانەی ئەمە ئەکری لەباسی پورنوگرافی (فلیمی جنسی)دا ببینری . فیمینیزم و کلیسا لە بەرامبەر پورنوگرافیدا دوو هەلویستی تەواو لیك نزیکیان هەیەو تەنانەت لە خوپیشاندانەکاندا لە تەنیشت یەکترەوە دەردەکەون .ئایا ئەکری بوتری نارەزایەتی فیمینستەکان لە بەرامبەر پورنوگرافیدا دەستی کلیسا بو زیاد کردنی فشاری میژوویی لەسەر ژنان و بو بەرگرتن بە ئازادی و خو دەرخستنی جنسیی ژنان ئاوەلا دەکات؟ وە ئایا ئەم نزیکایەتی‌یە بەلگەیەکی کافی‌یە بو بیدەنگ بوونی فیمینیزم لە بەرامبەر مەسەلەی پورنوگرافیدا؟

هەلسەنگاندنی سلبی خودی عەمەلیەی لە باربردنی منال بەتەنها قسەی ئیمە نی‌یە. قسەی زوربەی هەرە زوری خەلکی‌یە. قسەی زوربەی هەرە زوری ئەو کەسانەیە کە لە باربردنی منال "هەلدەبژیرن" و ئەشیانەوی قانوونی بکریتەوە. بوچوونی موشەخەسی خەلك سەبارەت بە ناسنامەی ئینسانی کورپەلە هەر چیی‌یەك بیت، زوربەی هەرە زوری ئەوان هەست بەوە دەکەن کە ئەمە کاریکی دەردناكو نەخوازراوە و بەهەرحال پەیوەندی بە پچراندنی ژیانی ئینسانی‌یەوە هەیە. ئەوە کلیسایە کە خوی بەم عاگفە شەریفە ئینسانی‌یەوە هەلدەواسی و بەم ئیعتبارە ئەیەوی بازاری خوی گەرم رابگری. بگرە ئەوە ئەم بی‌عاگفەیی‌و بەکەم راگرتنە بیولوژیکی‌و صنف گرایی‌یە فیمینیستی‌یەیە کە ئیجازەی ئەم ریاکاری و بەرز کردنەوەی ئالای ریز و ئیحترام بو ژیانەی داوەتە دەستی دین، واتە یەکیك لە ترسناکترین‌و دژی ئینسانی‌ترین دامەزراوەکانی میژووی بەشەریەت.

# کۆمۆنیزمو حیزبو چینی کرێکار

## کورتکراوەی گفتوگۆیەك لەگەڵ منصور حیکمەتدا

سەعید ئەحمەد کردوویەتی بەکوردی



دەبێ باس لە شۆڕشی کۆمۆنیستی بکەین. ئیتر خەریکە پێدەنێینە سەدەی بیستو یەکەمەوە.

ئەم پرۆسەی "دەستبردن" بۆ کۆمۆنیزمە پێویستیەکی حەتمی مێژووییە. ئەمە پرۆسەیەکی جیهانیە. کرێکار سەرلەنوێ دەست بۆ کۆمۆنیزمو تەحەزوبی کۆمۆنیستی دەباتەوە.ئاڵای سۆسیالیزمی کرێکاری ئەم جارە بەناوی مارکسیزمەوە هەڵئەکرێت. ئەمە رەوتێکی جیهانیە.

دەمەوێ بڵێم سۆسیالیزمی بۆرژوایی ئاڵاکەی لەدەستداوەو مانایەکی ئەمە ئەوەیە کە بۆرژوازی دەیەوێ بەیەکجاری دەست لە مارکس هەڵگرێتو خۆیان بەئاشکرا ئەمە رادەگەیەنن. رۆژنامە رەسمیەکانی بۆرژوازی دەڵێن مارکس دەورەی بەسەرچوو. ئەمە مانای ئەوەیە کە بۆرژوازی دەتوانێ ئەم مەقولەیەو ئەم رێبازە بنێتەلاوە.

ئەمانە رێگریەکانن، بەڵام عاملە ئیجابیەکان زۆر بەرجەستەترن. پێشتریش گوتوومە کە سوودوەرگرتن لەو عاملە ئیجابیانە پێویستی بە پراتیکێکی هۆشیارانە هەیە. بەڵام عاملە سلبیەکان خۆبەخۆ سبەینێ روودەدەن. هەموو رۆژێك خەریکن روودەدەن. بەڵام گۆڕینی شکستی سۆسیالیزمی بۆرژوایی بۆ سەرکەوتنی مارکسیزمی کرێکاری تێکۆشانی دەوێت، کارو هەڵسووڕانێکی زۆری دەوێت. ئەمە ئەو ئاسۆیەیە کە لەبەردەم کۆمۆنیزمی کرێکارییە لە ئێرانو جیهاندا، تەنانەت هاتنەگۆڕی باسی کۆمۆنیزمی کرێکاریو سەرهەڵدانی لە حیزبی ئێمەدا، بەبڕوای من رەنگدانەوەی واقعیەتێکی کۆمەڵایەتی دەرەوەی خۆیەتی. ئیلهام لە فشارێکی دیکەوە وەردەگرێت. بزووتنەوەی چینی کرێکار کە تا ئەمڕۆ هێزو توانای خۆی بەخشیوەتە بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوازیو وای لێکراوە کە بەدوای مەسەلەی کۆمەڵایەتی بەشە جیاجیاکانی چینی دەسەڵاتدارەوە بێت، ئێستا بەرەو ئەوە ئەڕوات کە هێزی سەربەخۆی خۆی نمایش بکات. تەرحی پیشرەوانەی بەرەوپیشچونی کۆمۆنیزمی کرێکاری، کەمپینێکە کە لەسەر بناغەی ئەم واقعیەتە کۆمەڵایەتیە خەریکە دەرەخسێ. وە ناکرێ بەری پێبگیرێت. لەم رووەوەیە کە من پێم وایە بۆ کۆمۆنیستێك کە خوازیاری سەرکەوتنی کۆمۆنیزم، کۆمۆنیزمی مارکسەو عەودالی رێگای پێشرەوییە، ناتوانێ خۆی لە پەیوەستبوون بە کۆمۆنیزمی کرێکاری لابدات. هەلومەرجی بابەتی بۆ بیروباوەڕی کۆمۆنیستی لەبارە. نەك وەکو مەسەلەیەکی دەستبەجێو رۆژانە بەڵکو لەڕووی مێژوویەوە لەبارە. لەڕووی مێژووییەوە ئەمە ئەو دەورەیەیە کە تیایدا چاوەڕوانیەکانی مارکس لە خەباتی چینایەتی دەکرێ بە واقعی عەمەلی بکرێتەوە.

مارکسیزم بەرلەوەی زنجیرەیەك ئەحکامو پێشبینی بێت، رەخنەیە. رەخنە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری. ئاشکرایە کە ئەم رەخنەیە پشتی بەستووە بە شیکارییەکی ئیسپاتی بناغەکانی ئەم سیستمەو ناکۆکیە دەروونیەکانی. بەبڕوای من دابڕان لە مارکسیزم دابڕانە لە حەقیقەت. هەزار یەکێتی سۆڤێت بێتو بڕوات هیچ ئاڵوگۆڕێك لە رەخنەی من وەکو مارکسیستێك بەرامبەر بەم کۆمەڵگایەی کە هەیە، وە تێڕوانینێك کە بۆ کۆمەڵگای شایستەی ئینسان هەمە، وە ئەو هێزە کۆمەڵایەتیەی کە بۆ وەدیهێنانی ئەم کۆمەڵگا نوێیە لە دڵی کۆمەڵگای ئێستادا شکی ئەبەم، پێك ناهێنێت.

بناغەی سۆسیالیزم ئینسانە، چ وەك کۆمەڵ و چ وەك تاك. سۆسیالیزم بزووتنەوەی گێڕانەوەی ئیرادەیە بۆ ئینسان. بزووتنەوەیەکە بۆ رزگارکردنی ئینسانەکان لە جەورو زۆرەملێی ئابووریو دیلێتی لە قاڵبە ئابوورییە لەپێشدا دیاریکراوەکان. بزووتنەوەیەکە بۆ لەنێوبردنی چینەکانو دابەشکردنی چینایەتی ئینسانەکان. ئەمەش مەرجی بنەڕەتی شکۆفایی تاکەکانە...

بانگەواز بۆ کۆمۆنیستەکانو کۆڕوکۆمەڵە مارکسیستیو سۆسیالیستیەکان!

بەڵام تەنانەت بۆ کەسێك کە مەبەستی هەڵسووڕانی فکریی مارکسیستیو کاری پایەیی کرێکاری بێت، دوورکەوتنەوە لە حیزبایەتی هەڵەیەکی گەورەیە. سەنتەرو کۆڕوکۆمەڵو نووسینگەو کەسایەتیەکان ناتوانن جێگای خاڵیی حیزبە سیاسیەکان پڕبکەنەوە. بەبڕوای من لە نەبوونی ئەو حیزبە کۆمۆنیستە کرێکارییانەدا کە تێکڕای بەدیلێکی کۆمەڵایەتی بە هەمەگیری لەبەرامبەر چینی دەسەڵاتداردا دابنێین، لە نەبوونی حیزب گەلێك کە پێکەوەگرێدانی هەوڵە کۆمۆنیستیەکان لە مەیدانە جیاجیاکاندا بە ئەرکی خۆیان بزانن‌و سیمای جولانەوەیەکی هەمەلایەنە بدەن بە خەباتی کۆمۆنیستی کە سەرتاپای دەسەڵاتی سەرمایەداری دەکاتە نیشانە، کارو خەباتی دەزگاو عونسرە سۆسیالیستەکان لەم یان لەو مەیدانی کۆمەڵگادا کاریگەرییەکی درێژماوەی نابێت. بەتایبەتی پێم وایە ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاری لە قاڵبی ئەحزابی سیاسیدا خۆی نەنوێنێ، هەوڵە مەحفەلیو دامەزراوەییەکانی سۆسیالیستەکان بە رادیکاڵی و رەخنەگرانە نامێنێتەوە. کۆمەڵگای بۆرژوایی ئەمانە هەرس دەکاتو لە قاڵبیان دەدات. جیهان پڕە لەو کۆڕو کۆمەڵەو عونسرە سۆسیالیستانەی کە لە مەیدانە جیاجیاکاندا دەستیان دایە "خەباتی ئالتەرنەتیڤ" و پاش ماوەیەك هەر ئەو خەباتی ئەلتەرناتیڤە بوو بە کوڵەکەیەکی نەرێتی رەسمی. رادیکاڵیزم لە کۆمەڵگادا بەستراوەتەوە بە پێگەی چینی کرێکار لە ململانێی نێوان چینەکاندا. ئەمەیان ئیتر قەڵەمڕەوێکە کە لە پلەی یەکەمدا پێویستی بە حیزبە کۆمۆنیستە کرێکارییەکان هەیە.

... بەگشتی پێم وایە دەورەی ئێستا دەورەی ناسیۆنالیزم نییە. دەورەی پووکانەوەی ئەویش نییە. ناسیۆنالیزم نە وەڵامێکی تایبەتی هەیە بۆ مەسەلەکانی سەرمایەداری ئەمڕۆو نە بەشێوەیەکی تایبەتیش لەژێر فشاردایە. ئەوەی خەریکە دەگۆڕێت ئارایشی نەتەوەیی جیهانی سەرمایەدارییە نەك جێوشوێنی نەتەوەچێتی تیایدا.

... لە هەلومەرجێکدا کە بۆرژوازی ئەلگۆکانی خۆی لە بواری ئابووریو سیاسەتو فەرهەنگ لە قاڵبە جیاجیاکانی ناسیۆنالیزمو دینەوە بگرە تا فاشیزمو نەژادپەرستی دەخاتە بەردەم کۆمەڵگا، چینی کرێکار سەرقاڵی بەرگری لەخۆکردنە لە چوارچێوەی بەرتەسکی ئابووریدا. ئەمە واقعییەتێکی بەرچاوو زۆر جێگەی نیگەرانییە. خۆنواندنی چینی کرێکار لە قەڵەمڕەوی سیاسیدا درێژکراوەی وشك‌وزڕی خەباتی ئابووری نییە. "کرێکاران" هەر بەم مانا کۆمەڵناسییەی وشەکە تائێستا کەمتر لە سیاسەتدا دەخالەتیان کردووە. کرێکار بە حیزبە کرێکاریکانەوە، چ ریفۆرمخوازبێت یان شۆڕشگێر، دەتوانێ لە ململانێ سیاسیەکاندا بەشداری بکات. ئێستا هەلومەرجێك هاتۆتە ئاراوە کە هەموو ئەو نەرێتە سیاسیو حیزبیانەی کە بە هەر جۆرێك چوارچێوەیەك بوون بۆ دەخالەتی سیاسی کرێکار لە کۆمەڵگادا، وەکو سۆسیال دیموکراسیو لقە جیاجیاکانی کۆمۆنیزم، روو لە نشێون.

ئەو چاوەڕوانیەی کە کرێکاران بەبێ خۆرێکخستن لەدەوری حیزبە سیاسیەکان دەتوانن لە قەڵەمڕەوی ئابووریدا زۆر پێ درێژ بکەن، چاوەڕوانیەکی پووچو لە ڕووی مێژوویشەوە بێ بناغەیە. من خۆم پێم وانییە سۆسیال دیموکراسی تەنانەت مەیلی ئەوەی هەبێت کە لەمەبەدوا بەوێنەی رەنگدانەوەی سیاسی بزووتنەوەی نەقابیش لە کۆمەڵگادا سەیر بکرێت. ئەم رەوتە بەبڕوای من تاڕادەیەکی زۆر دەستی لە کرێکاران کێشاوەتەوەو چاوی بڕیووەتە توێژە ناوەنجییەکانی کۆمەڵگا. جگە لەمە سۆسیال دیموکراسی تەنانەت بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتیو ئابوور رۆشنی نییە. بەمجۆرە مەسەلەکە بەستراوەتەوە بە چارەنووسی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە. لێرەدایە کە پێم وایە بەبێ لەئارادابوونی هەوڵی جدی بۆ: یەکەم، بەرەنگاربوونەوەی هێرشی دژی کۆمۆنیستی ئەمڕۆ، وە دووەم، پێکهێنانی حیزبە کۆمۆنیستییەکانی سەرقاڵ بە رێکخستنی چینایەتی کرێکارانو دەخالەتگەر لە خەباتی سیاسیدا، کریکاران تەنانەت ئەگەر بتوانن لە قەڵەمڕەوی ئابووریدا پارێزگاری لە چەند سەنگەرێکی دیاریکراویش بکەن، بەهەرحاڵ دەکەونە هاوسەنگییەکی سیاسیو ئایدۆلۆژییەوە کە چەند ئەوەندە دژی کرێکاریتر دەبێت لە هەلومەرجی ئێستا.

بەبڕوای من دەورەیەك کە چووینەتە ناویەوە لەڕووی جموجۆڵی نارەزایەتی چینی کرێکارەوە کەموکوڕییەکی نابێت. بەڵام ئەوەی کە ئەم خەباتانە بە چ ئەنجامێك ئەگاتو بەشێوەیەکی دیاریکراو چ کاریگەرییەك لەسەر پێگەی گشتیی کرێکار لە کۆمەڵگادا، وە تواناو حورمەتی ئەو دادەنێت، ئەمەیان پرسیارێکی ترە. ئەمەی دووەمیان بەستراوەتەوە بە بوونی جولانەوەیەکی کۆمۆنیستی لەسەر ئاستی کۆمەڵگاداو لەجەرگەی جولانەوەی کرێکاریدا.

بۆ کۆمۆنیزمێك کە لە ئامانجی یەکسانیو ئازادی ئینسانەکان نەکەوتۆتە گومانەوە، بۆ کۆمۆنیزمێك کە بزووتنەوەی رەخنەگرانەی پراکتیکی کرێکارە بۆ ژێرەوژوور کردنی سەرتاپای نیزامی دواکەوتووانەو دژی ئینسانی بۆرژوایی، بۆ کۆمۆنیزمێك کە پەلاماری ئەمڕۆ بۆسەر مارکسیزمو بیروباوەڕو بزووتنەوە کرێکارییەکان دەبینێت، دەورەی ئێستا کردنەوەی کۆمەڵێکی فراوان لە جەبهەی فکریو سیاسی دەخاتە ئەستۆی. دەبێ بەرەوپیری ئەم ململانێیانە بچین، وە هەموو شتەکان هێما بۆ ئیمکانی سەرکەوتنی کرێکارو کۆمۆنیزم دەکەن هەر لەم دەورەیەدا. جیهان لەحاڵی پێداچوونەوەیەکی بنەڕەتیە بە بناغە سیاسیو ئابووریو فیکرییەکانی خۆیدا وە کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەمجارەیان بەبێ ئەوەی لەگەڵ بلۆكو ئۆردوگاکانی سۆسیالیزمی بۆرژوازی بەرەورووبێت، دەرفەتێکی فراوانی بۆ خستنەڕووی راستەوخۆو روونی بۆچوونی رەخنەگرانەو بەدیلی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە. جیهانیبوونەوەی سەرمایەو بەرهەمهێنانی سەنعەتی، چینی کرێکاری هاوچەرخی کردووەتە چینێکی بەڕاستی جیهانی. نارەزایەتیە کرێکاریەکان بۆ باشکردنی وەزعی ئەم چینەو لەدژی سیاسەتەکانی دەوڵەتەکانو خاوەنکارەکان بەبێ راوەستان لە وڵاتە جیاجیاکاندا لەئارادایە. مەیلە تەقلیدیەکان لە بزووتنەوەی کرێکاریدا، بەتایبەتی بزووتنەوەی نەقابیو جولانەوە سۆسیال دیموکراتیەکان، بێتوانایی خۆیان لە پەرەپێدانی ڕیکخراوبوونی کرێکاریو بەسەرکەوتن گەیاندنی نارەزایەتیە کرێکاریەکاندا نیشانداوە. سەرباری هەموو تەقەلاو پڕوپاگەندە دژی کۆمۆنیستیەکانی ئێستا، جولانەوەی سۆسیالیستی رادیکاڵ لە بزووتنەوەی چینایەتیدا مەودایەکی هەڵسووڕانی فراوانتری دەستکەوتووە بۆ کێشکردنی چینی کرێکار بۆ رێکخراوبوونو سیاسەتی رادیکاڵی کرێکاری.

... بەوێنەی کۆمۆنیست دەبێ گەلێك کار بکرێت. دەکرێ زۆر کار بکرێت. ئەگەری سەرکەوتنی تەواوو شکستی تەواو هەردووکیان لەئارادایە. ململانێ سەرەکییەکان جیهانین‌و تایبەتمەندییەکی وڵاتیی تایبەتیان نییە، هەرچەندە دەکرێ ئیستنتاج گەلێکی رۆشن لەبارەی ئەرکە کۆمۆنیستیەکان لەم وەزعەدا لە هەر وڵاتێکدا دەربکێشرێت.

کۆمەڵێك جەبهەی روونو ئاشکرا هەیە کە دەبێ بەوێنەی کۆمۆنیست تیایدا ئامادەبین. کۆمۆنیزم ئەمڕۆ تەنها بە ئامادەبوون لەم سەنگەرانەدا دەناسرێتەوە. نە تەنها دەبێ لەبەردەم پەلاماری فیکریی بۆرژوازی بۆ سەر مارکسیزم بووەستێت، بەڵکو دەبێ رەخنەی ژێروژوورکەری مارکسیستی، رەخنەی کرێکار بە جیهانی سەرمایەداری بە گوڕو توانایەکی تێکشکێنەری زۆر زیاترەوە لە ئاستی کۆمەڵگادا بخرێتە روو. دەبێ خورافاتی دیموکراتییانە، ناسیۆنالیستی، لیبراڵ، دینیو رەخنە نیوەناچڵەکانی نارازیانی بۆرژوا بە قەراغو کەنارەکانی ئەم نیزامە، لەمەیدان وەدەربنرێن. دەبێ ریزی سۆسیالیستیی کرێکار بکێشرێتە مەیدانی ململانێ ئابووریو سیاسیە چارەنووسسازەکانی ئەمڕۆوە. دەبێ ئەلتەرناتیڤی کرێکاری بخرێتە بەردەم جیهانی ئەمڕۆ. دەبێ شێوەو قاڵبەکانی خەباتی رادیکاڵی جەماوەری کرێکاران دەستنیشان بکرێتو پەرەی پێبدرێت. دەبێ حیزب گەلێکی سیاسی رۆشنبین، رادیکاڵو کۆمۆنیستی کرێکاری پێك بهێنرێت. دەبێ پێکهێنانی یەکێتی چینایەتی کرێکار لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەوێنەی مەسەلەیەکی دەستوبردی عەمەلی بخرێتە بەرنامەی کارەوە. بەشداریکردن لە هەموو سەنگەرەکانی خەباتی کرێکاری چ دیفاعیو چ هێرشبەرانە لەبەرامبەر بۆرژوازیو خەبات بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن‌و ستەم لەسەر توێژە ژێردەستەکانی کۆمەڵگا، دیفاع لە ئینسان لە هەموو رووەکانەوە لە بەرامبەر نەزمی دژی ئینسانی ئیستاو دیفاع لە هەر زەرەیەك ئازادیو یەکسانی.

بێگومان هەر یەکێك لەمانە تەرجەمە دەبێت بۆ زنجیرەیەك هەڵسووڕانی جۆراوجۆرو ناوەڕۆکی سەرەکی هەڵسووڕانی کۆمۆنیستی کرێکاری پێکدەهێنن.

# وڕێنەی دێنەسورەکان لە مانگی ڕەمەزاندا!

سیروان ئەمین

ماوەیەکە مەلا و شێخەکانی ئیسلام لە میسر، سعودیە، مەغریب و وڵاتانی تری عەرەبی کەوتونەتە فتوا بەخشینەوە، فتواکان خەڵکێکی زۆری سەرسام کردوە هەڵبەتە نەک لە بەر گرنگی و مەنتیقی بوونی فتواکان، بەڵکو لەبەر هیچی پوچی ناوەڕۆکی فەتواکان و نزمی ئاستەکەی کە خەڵکی موتەمەدنی دونیا قێزیان لێ دێتەوە.

### فەتوای یەکەم

مشک پێویستە بکوژرێ ئەمە فتوای شێخێکی سعودییەیە بەناوی محمەد مونجەد کە هەفتەی ڕابووردو لە یەکێک لە خوتبەکانی نوێژی جومعەیا دەری کرد، فەتواکەش لەوێوە هات کە کەسایەتی کارتۆنی میکی ماوس سەرنجی زۆربەی منالانی دونیا و ئیسلامی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، شێخ وتبووی مشک پیسەو سەربازی شەیتانە بەپێی شەرع دەبێ بکوژرێ، میکی ماوسیش موئامەرەیەی ڕۆژئاوایە بۆ سەر منداڵانی ئیسلام.

### سوچ لە قەباحەت خراپتر

شێخ موحەمەد مونجەد لە ژێر فشاری دەزگاکانی ڕاگەیانندا بۆ خۆ دەرباز کردن لە بری ئەوەی وەک کەسێکی مەدەنی داوای لێبوردن بکات حەدیسێکی پێغەمبەری هێناوەتەوە کە ئەم پشتی پێ بەستووە حەدیسەکەش سەحیحەو موسلم گێڕاویەتیەوە و دەڵێ ( دەبێ پێنج فاسق بکوژرێن لە حەڵاڵ و حەرامدا مشک، سەگ، مار، دوپشکە و کۆنەپەپوو)

### فەتوای دووەم

شیخ محمد بن عبد الرحمان المغراوي لە مەغرب لە فتوایەکیدا و لە خوتبەی جومعەدا وتی دەبێ و باوکان بۆیان هەیە کە کچەکانیان لە تەمەنی 9 ساڵاندا بەشو بدەن بەمەش خەڵکانی ئازادیخواز و یەکسانیخوازی ئەو وڵاتەی توشی تورە بوون و نارەزایەتی کرد و ئەنجومەنی زانیاری باڵای پاشایەتی مەغرب بەتوندی فتواکە مەحکوم کردەوە.

### فەتوای سێهەم

خواردنی زەلابیا لە ڕەمەزاندا حەرامە

سەرەڕایی ئەوەی زۆربەی خەڵکی بەڕۆژ و لە ڕەمەزاندا پاقلەوا و زەلابی دەخۆن بەڵام شێخێکی مەغریبی بەناوی شیخ محمد علي فركوس المكنى ناسراو بە ابو عبد المعز فەتوایەکی دژی خواردنی زەلابیا دەرکرد، چونکە جەنابی شێخ پێی وایە زەلابیە بدعەیە و زۆر جار وەک خاچ دروست دەکرێت.

### فتوای چوارەم

کوشتنی خاوەنی کەناڵە ئاسمانیەکان حەڵاڵە

سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای باڵا لە عەرەبستانی سعودییە شێخ ساڵح بن حەمەد اللحيدان لە فتوایەکدا هەفتەی ڕابوردو ڕایگەیاند کە دەبێ هەرچی خاوەن کەناڵە ئاسمانیەکان هەیە کە شتی حەرام و ڕوت بڵاو دەکەنەوە بکوژرێن، ئەم فتوایە زۆرێک لە خەڵکی ناوەوەو دەرەوەی عەرەبستانی سعودیەی هێنایە دەنگ. یەکەم قوربانی ئەم فتوایە چوار کارمەندی تەلەفیزۆنی الشرقیەی عێراقی بوون.

چەند شێخێکی تر کە قەڵەمی ڕۆژنامەنوسان هەراسانی کردبوون وتیان هەر ڕۆژنامە نوسێکیش دژی فەتواکەی شێخ ساڵح اللحيدان بوەستێتەوە دەبێ بەر سزای عەدالەتی شەرع بکەوێت، هێشتا ئەم فەتوایە کۆن نەبوو بوو شێخێکی تر بە ناوی شێخ سالح فوزان الفوزان لە فەتوایەکیدا کە لە دژی ئەو سیحربازانەی تەلەفیزۆن دەری کرد وتی ئەوانە هەموو دەبێ بکوژرێن.

شایانی باسە ساڵی پار دوو فەتوای شێخەکانی میسر هەڵایەکی گەورەی نایەوە و بۆ پڕو پوچی یەکەمیان دەرکرد بە پێی ڕۆژنامەکانی ڕۆژئاوا، یەکێ لە فتواکان دەڵێ ئەگەر ژن و پیاوێکی نامەحرەم لە شوێنێک پێکەوە کاریان کرد دەبێ ژنەکە پێنج جار شیر بداتە پیاوەکە، ئەوی تریان دەڵێ ئەگەر ژن و پیاو با هاوسەری یەکتریش بن لە کاتی سێکس کردندا نابێ خۆیان ڕوت بکەنەوە.

ڕۆژانە سەدان فتوای گیرفانی شێخ و مەلاکان خەڵکیان توشی هیستیرا کردوە لە عەرەبستانی سعودی ئەمە بێجگە لە تەعدا و سوکایەتی پیاوەکانی ئەمر بالمعروف و نهی عن المنكری دەوڵەت چاودێری بیست و چوارسەعاتەیان لە سەر هەڵس و کەوتەکانی خەڵک کەچی سەرەڕای ئەوەش وڵاتی سعودیە بە پلەی یەکەم و دووەم دێت لە بواری تەعداو ئیغتسابی ژناندا. ئەم دەیناسورانە ڕاستیەکەی لەزیادە ماونەتەوە سودو قازانجی دەسەڵاتدارانێک وای کردوە وەک دێوەزمە لەسەر سینگ و سفرەی خەڵکی دانیشن و بێ ئیش و بێکار و فەتوا ببخشنەوە، ئەوە نیزامی سەرمایەداری و مشەخۆرەکانێتی کە هەمیشە دەست بەم کۆنەپەرست و دواکەوتوانەوە دەگرێت لە پێناو گێل کردنی خەڵیکدا، ئەگینا کوا باوی ئەوە ماوە خەڵک نەخۆشیەکانیان بە میزی حوشتر و باڵی مێش چارەسەر بکەن.

کوا باوی ئەوە ماوە خەڵک مارە بەجاش و کچ بە منداڵی نۆ ساڵی بەشوو بدات. کوا باوی ئەوە ماوە خەڵک لەو هەموو دەرمانی ددانە بچن بۆ پاککردنەوەی ددانیان داری سیواک بەکار بهێنن.

هەڵبەتە مەلاکانی کوردستان هەرگیز هیچیان لەوانە کەمتر نییە وە ئەگەر دەستیان بڕوا هەرچی خاوەن قەڵەم خەڵکی سکۆلار هەیە هەموو قەتڵ و عام و شار بەدەر دەکەن، فتواکانی ئەوان دژی نوسەران و ڕۆژنامەنوسان هیچی کەمتر نییە لە فەتوای شێخەکانی ئالسعود.

خەبات لە دژی کۆنەپەرستی ئەرک و ئامانجی سەرجەم مرۆڤە چەپ و ئازادیخوازاکانەو دەبێ بەهەر شێوەیەک دەگونجێ لە هەر کوێەک بین کار بۆ نەمان و سەرنگونی ئەم عەقڵە کۆن و ڕزیوە بکەین.



**بۆ خوێندنەوەی ئۆکتۆبەر لەسەر سایتو پەیوەندی کردن بە سایتی حزبەوە ئەم ناونیشانی سایتە بەکاربهێنن:**

**Www.hkkurdistan.com**

# لە هەرگۆشەیەکی دنیا ژیانی بەیەکەوەیی نەما، کۆمەڵگا داڕوخاوە

نەورۆز تاریق
nawroz_tariq@yahoo.com

گومان لەوە دانییە، کۆمەڵگای بەشەری پێکهاتووە لە هەزاران زمان و دەیان هەزار دیالێکت و سەدەها دین و مەزهەب و و ڕێڕەوی هەمەچەشن، لەهەموو ئەو کۆمەڵگایانەی هەوڵی پلەبەندی هاوڵاتیان کرابێت و لەماف یەکسان بەهرەمەند نەبووبن، کێشەو گرفت خولقاوە. لە زۆر شوێنی تری دنیا ئەمە کێشراوەتە ناو بازنەی توندوتیژی و جەنگ و خوێن ڕشتن، کە لەئاکامدا بەدەیان هەزار ئینسان بونەتە قوربانی.

قوربانیانی ئەم تەفرەقەو هەڵاواردنە، خۆیان بەشێك نەبوون لەخوڵقاندنی کێشەکان، خۆیان داینەمۆی توندوتیژیەکان نەبوون، ئارەزووی جەنگ و کێشمەکێشیان لەگەڵ هاوچارەنوسەکانیان نەبووە. ئەمە دەسەڵاتی سیاسی و نوخبەی قازانجپەرستی ناو دەسەڵات بوون کە خەڵکیان لە ژێر ناوی دین و مەزهەبەکان، لە ژێرناوی قەوم و قەبیلە، لەژێرناوی سپی پێست و ڕەش پێست، لە ژێرناوی هاوڵاتی ڕەسەن و بیانی... کردۆتە زەخیرەی کێشمەکیشی خۆیان.

خەڵکی هەر کام لەو کۆمەڵگایانە، تەنهاو تەنها وەکو پەیژەی گەیشتنی دەستەیەك بە دەسەڵات یان بردنی خێروبەرەکەت بۆ دەستەیەك بە بارمتە گیراون. بۆ پەلکێش کردنی ئەم خەڵکە، کەهەموویان ئارەزووی ژیان، ئارامی و خۆشبەختیان بووە، دەیان سیناریۆی وەڕێخراوە، دۆسیەی مێژووی سازکراوە. دیکۆمینتی جغرافیای و جیۆپۆلۆتیکی بەنەخشەوە ئاراستەکراوە. میدیای هەمەڕەنگی بەوێنەی ئەژدیهای هەزار سەر بۆپێکهینراوە. پوڵی خەیاڵی لە پارووی دەمی خەڵك بۆ دابینکراوە، و ..تاد

خەڵکی عێراق، قوربانیانی دوێنێی دەستی سەرکوتی ڕژێم، بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، بە کوردو عەرەب و تورکمانیەوە، بەشیعەو سونی و ئاشوری و کلدانیەوە... هەموویان خوازیاری نەمانی ڕژێم بوون، هەموویان قوربانی دیکتاتۆریەتی ڕژێم بوون، و هەموویان خوازیاری ژیانی تەسەل و ئازادی و ئارامی بوون.

ئەو خەڵکە کە هەموویان وێڵی ژیان و ئازادی بوون، کەهەموویان بەئێسك و پروسکەوە کارنامەی دیکتاتۆری و سەرکوتی ڕژێمی ڕوخاویان تەجروبە کردبوو، بەنەمانی ئەم ڕژێمە خۆشحاڵ بوون و ئارەزویان بوو. ئارەزوویەکی زۆر بۆ دەسپێکردن بەشێوە ژیانێکی ئازادو بێترس و تەسەل و متەمەدینانە.

خەڵکی عێراق، زۆریان باجی دڕندەیی ڕژێم داوە، باجی چەندین جەنگ، باجی سەرکوت و توندوتیژی، باجی هەڵاواردن، باجی ترس و میلیتاریزم... لەهەموو ئەو هەلومەرجەدا، ڕژێم هەوڵی ئەوەبوو کە کێشمەکێشەکانی خۆی لەگەڵ لایەنە ئۆپۆزیسۆنەکان شوڕبکاتەوە ناو کۆمەڵگا، زۆر هەوڵیدا شیعەو سونەی عێراق، کوردو عەرەب، موسوڵمان مەسیحی ... بکات بەگژیەکدا، خەڵکی هوشیارتر لەوەبوون فریوی ئەم پیلانە بخۆن، بۆیە هەرگیز نەیتوانی ئەم ئامانجە بپێکێ.

ئێستا کە □ ساڵە زیاترە ئەم ڕژێمە نەماوە، زوربەی هێزو لایەنە سیاسیەکان، بەمەبەستی بەشی زیاتر لە دەسەڵات و داهاتی زۆرزەبەندی ئەم وڵاتە، دەیانەوێ خەڵکی لەسەر بنەمای قەومی و تایفی و دینی و مەزهەبی .... پارچە پارچە بکەن و بیانکەن بەگژ یەکتریدا. دەیانەوێ لەسەر لاشەی لەخوێن هەڵکێشراوی خەڵکی عیراقدا دەسەلاتی خۆیان سەقامگیر بکەن، تالانی بێئەوپەر بکەن. سیناریۆی هەمەچەشن وەریبخەن. ئایندەی ئەم خەڵکە بۆ ئازادی و ژیانێکی ئارام و تەسەل زیندەبەچاڵ بکەن.

سەرباری هەوڵی هەمیشەیی حزب و هێزو دەستەو باندو میلیشیا قەومی و تایفیەکان و هەوڵی ولاتانێکی کۆنەپاریز و دیکتاتۆر، خۆشبەختانە تا ئێستا نەتوانراوە خەڵکی عیراق پەلکێشی ناو ئەو پیلانانە بکرێت، تائێستا خەڵکی عیراق ملیان بەو گەمەیە نەداوە.

بێگومان خەڵکی عیراق نەك نابێ مل بە گەمەیەکی لەم چەشنە بدەن، بەڵکە ئەبێ بەدژی بوەستنەوە. ئاخر خەڵکی عێراق کە قوربانیەکی زۆریان لەسەر دەستی دیکتاتۆری و بێماق داوەو بە سەدان هەزار ئینسانی ئەو وڵاتە ئاوارەی دەستی ئەم ڕژێمە بوون، بە دوای ئەم ڕژێمەشدا دیسان بەسەدان هەزار ئینسانی تر لە ئاکامی جەنگ و پیلانی سەرکوتکەرانەی ئەم هێزە قەومی ودینیانە ئاوارەی ولاتانی دنیا بوون. ئەمانە هەموو قوربانین.

ئەمانە قوربانیە زیندوەکانن، ئەو قوربانیانەن کە ژیانیان لەدەست نەداوە. ئەمانەن کە ڕزگاریان بووە لە تەقینەوەکان و بەیەکدادانی میلیشیاکان،....

هەموو ئەو ئینسانانەی کە نەبوونەتە قوربانی و زەخیرەی هیزی میلیشیاکان و... هەموو ئەو ئینسانانەی خوازیاری ژیانێکی ئازادو ئارام و تەسەلن، ئۆردویەکی گەورەو چارەنووس سازن، کە سەرئەنجام بڕیاری ئازادیخوازانەی ئەوان و نەخشی بەکردەوەیان بڕیار لەسەر ئایندەی عیراق و کیشمەکیشەکانی دەدات.

خەڵکی عیراق، پێویستە بێگوێدان بە ئینتیمای قەومی و دینی و تایفی، بێگویدان بە دیکۆمینتە ساختە و دروستکراوەکان، بێگویدانە بەدۆرو حیکایەتی دەستەو تاقمە میلیشیاکان، لە ناوەوەی وولاتن یان لەدەرەوە دەبێ لەدەوری یەکتر و بۆ ئامانجی هابەشی ئینسانی و ئازادیخوازانەیان تێبکۆشن.

نەخشی ئەو سەدان هەزار و ملیونان ئینسانەی لەئاکامی دەسەڵاتی ڕەشی بەعس و پاشانیش لە ئاکامی داگیرکاری و جەنگ و شەری میلیشیاکان و ناچار بوون بەناو حەقلی ئەلغام و شەپۆلی بێرەحمی دەریاکان و ژێر سنگی شاحینەو قوڵایی باخیرەکاندا، خۆیان بگەیەنە ولاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو ئوستralیا... دەتوانێ زۆر کاریگەر بێت.

ئاخر کەلك وەرگرتن لە تەجروبەی دنیا، لە فەزای ئاوەڵاوکراوەو دیموکراسی و ماف هاولاتی بوون و سەروەری یاساو ریزگرتن لە زوربەی مافە فەردی مەدەنیەکانی ئینسان و ئارامی و تەرجومەکردنی فەرهەنگی بالاو ئینسانی بۆ ناو کۆمەلگای عیراقی کاریکە دەبێ بکرێت.

خەڵکی عیراق چۆن پێوستە لە ولاتانی ئەورروپایی و ئەمریکاو ئوسترالیا، بەرووئیای هاوبەشی ئینسانیەوە، دەست لەناودەستی یەکتر بن و مل بۆ ژەهراوی هیچ هیزو تاقمیکی قەومی و میلیشایی نەدەن، ئاواش پیویستە یەکگرتوانەو دەست لەناودەستی یەکتر روبەرویی ئەو هەرەشانە ببنەوە کە رووی لە خەڵکی عیراق و ئارامی و ئاسایشی ئێستای دنیایە.

کۆمەڵگای ئەم سەردەمە پێویستی بە ئارامی و ئازادییە، پێویستی بە ژیانی تەسەل و بیمەکانە، پێویستی بە ریزگرتن لە پرانسیبە ئینسانیەکانە. خەڵکی عیراق لەهەر شوێنێك هەن بەو تەجروبە تاڵەوە کە لە ئاکامی سەرکوت و بێماف رابردویان هەیانە، دەکرێ ببن بە ئالاهەڵگری بەیەکەوە ژیان و خۆ دورگرتن لە دەمارگیری قەومی و تایفی و ریزگرتن لە بەها ئینسانیەکان. ئینسانیەت بانگەوازی خۆشبەختی دەکات.

# شکستی فیدراڵیەت، جیابونەوەی کوردستان دەکاتە ئەڵتەرناتیڤی فەوری خەڵکی کوردستان!

## لە پەراوێزی ڕاگەیاندنەکەی مالکیدا

سامان کەریم
zaryak@yahoo.com



ئێمە پێشتر وتومانە کە فیدرالیەت بە جیا لەوەی ناوەڕۆکەکەی چییەو باسی ئێمە لەسەری چییە، فەشەل دەهینێت. هەروەها ئاماژەمان بەوەداوە کە تا ئێستا لەعیراقدا فیدرالیەت پیادە نەکراوە چونکە سیستەمی فیدراڵی لایەنی کەم پێویستی بەدوو ناوچەی فیدراڵ هەیەو ئەمەش لەعێراقدا تا ئێستا نییە. فیدراڵیەت لە دایك نەبوو کە شکستی خوارد بوو. بەلاّم ئەوەی کە سەرۆکی وەزیرانی عێراقی ئێستاو لایەنێکی سەرەکی لە ڕێکەوتننامەی چوار قۆڵی نێوان هەردوو حزبی یەکێتیو پارتی لەگەڵ مەجلیسی ئەعلیو حزبی دەعوە، بەشێوەیەکی "تلمیحی" شکستی فیدرالیەت ڕابکەینێت ئەمەیان ئیتر ڕاگەیاندنی بن بەستی گشت پرۆسەی سیاسییە لە عێراقدا. دەڵێم ڕاگەیاندن، ئەگەر نا ئەم پرۆسەیە لایەنی کەم لە ڕاپۆرتی بیکەر-هاملتونەوە زەمەنی بەسەر چووە. ...ڕۆژی 18/9/2008 مەکتەبی سەرۆك وەزیرانی عێراق، ڕاگەیاندنێکی مالکی بلاوکردەوە. ئەم ڕاگەیاندنە ئەوەندەی من ئاگادار بم لەهیچ یەك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی بە ڕەسمیو غەیرە ڕەسمییەوە خۆیان لێنەداو باسیان نەکرد. مالکی لەم ڕاگەیاندنەیدا بە شێوەیەکی ڕۆشن ( ئەگەر چی یەك تولە ڕێگای بۆ گەڕانەوە داناوە) بن بەستو فەشەلی فیدرالیەت ڕادەگەیەنێت. بەلاّم دیارە چاوەڕوانی لەمالکی بۆ ئەم ڕاگەیاندنە جگە لە ناوەڕۆکێکی فاشیزمی عەرەبیو ئیسلامی نەبێت هیچی دیکەی لێدەرناکێشرێت. مالکی سەرۆك وەزیرانو هاوپەیمانی یەکێتیو پارتی دەڵێت" "إنشاء حکومة مرکزیة تکون أقوی من نظام الفیدرالیات لحمایة العراق"

واتە "دامەزراندنی حکومەتێکی مەرکەزی کە بەهێزتر بێت لە سیستەمی فیدرالیەت بۆ پارێزگاریکردن لە عێراق" بەلاّم مالکی فاکتەرەکانی چییە و بۆدەیەوێت حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز پێك بهێنێت؟! ئەو دەڵێ" سنور بەدەست حکومەت نییە...فرۆکەخانەکان بەشێوەی مەرکەزی ئاراستە ناکرێنو نازانین پاریزگاکان لەگەڵ کێ مامەڵە دەکەن...فیدرالەکان نەبن بە ئەلتەرناتیف بۆ دەوڵەت لە ئاستی هاتە ژورەوەو چونە دەرەوەو تەئشیری پاسپۆرتدا..." بۆ هەموو کەس ڕۆشنە کە تەواوی ئەم فاکتانە هەموویان ڕووی یەکێتیو پارتی دەگرێتەوە.. چونکە تا ئێستا بەشێوەیەکی مباشر لە دەرەوە جگە لە بەغدا فرۆکەخانەکان هەر لەکوردستان هەن، یەکێتیو پارتی تەئشیری جەوازات دەکەن، ...لەباری واقعیشەوە ئەوەی کە ناوی فیدرالیەتە هەر کوردستانە.

بەلاّم ئەم ڕاگەیاندنەی مالکی هاوپەیمانەکەی یەکێتیو پارتی، هەروا لەخۆوە نییە. بەڵکو لە ساتێکدایە کە واقعەن فیدراڵیەت لە بناغەوە شکستی خواردوە، ئەو دەیەوێت بەزمانی یاسایی وەك سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەم شکستە ڕابگەیەنێت.

بەتایبەت کە ماوەی یەك مانگی ڕابوردوو کێشەی نەتەوەیی گەورەو گران هەبوون لەسەر ناوچەکانی خانەقین قەرەتەبەو سەعدیەو جەلاولاو ئێستا موصل و پێشترو ئێستاشی لەگەڵدابێت کەرکوك. ئەو ڕادەگەیەنێتو بە یەکێتیو پارتی دەڵێت ئیتر بەسەو لێتان قبوڵ ناکەینو بۆتان نییە کە لەدەرەوەی 3 پارزگای سنوری پێش نیسانی 2003 بێن بەملاوەو هێزی تیدا بلاوبکەنەوە. جا ئەوەی چەند ئەم مەسەلەیە بۆ مالکیو حکومەتی مەرکەزی سەردەگرێت ئەوەیان شتێکی دیکەیە. بەلاّم ئاڵوگۆرە سیاسیەکانو گۆڕانی هیز هاوسەنگی هێزە سیاسییەکانو تیکچونی بەرەو هاوپەیمانیو ڕیککەوتنە چوار قۆڵیو پینج قۆڵییەکان، ئەوە دەردەخەن، کە مالکی لە خۆڕا ئەو قسانە ناکات.

ڕاگەیاندنی مالکی پشتی بەستوە بە کۆمەلێك ئاڵوگۆری سیاسی قوڵەوە لەنیو عێراقو ناوچەکەدا کە بەگشتی دەکرێت بڵێین ئەو ئاڵوگۆڕانە بەرئەنجامی شکستو فەشەلی سیاسەتی ئەمریکان لەعیراقو ناوچەکەدا. ناسیونالیزمی عەرەب ئەمڕۆ و لەماوەی 5 ساڵی ڕابوردودا هیچ کات ئاوا بەهیز نەبوە، لە لیسی العراقیەوە بگرە تا حزبی ئیسلامیو تا باڵەکانی نیو بەری تەوافقو تا بەعسیەکانو تا صحوەکانو تا دەیان کتلەو ڕەوتی سیاسی عەرەبی، هەموویان پێکەوە( جا ئەگەر چی خاوەنی یەك مەرجەعی بڕیاردانیش نەبن) خەریکن تانوپۆی سیاسیو بەرنامەی بزوتنەوەی قەومی عەرەبی دەنەخشێننو کاری پێدەکەن. ئەمڕۆ ئەم هێزە بە جیا لە باڵی "مقاوەمەکەی" کە بەعسو بەرەی جیهادو تەحریرە، صحوەکانیشی لەگەڵە کە بەهرەمەندی دەکات لە هێزیکی فراوانی چەکداری گەورەو گران، ئەمە ئەگەر گەڕانەوەی هەزارەها ئەفسەری پێشوو بۆ ناو سوپاو هێزەکانی پۆلیس لە بەرچاو نەگرین. ئەم بزوتنەوەیە بە پاڵپشتی ناسیونالیزمی عەرەب لە ئاستی ناوچەییدا و بەهۆی حکومەتانی عەرەبیەوە، لە هێزیکی فراوانی ماددیو چەکداریو نێونەتەوەیی بەهرەمەندەو تورکیاش لە ئاستی ناوچەکەدا پالپشتی دەکات، هەم لەبەرانبەر نفوزو هیزی نیزامی ئیسلامی ئێراندا هەم لە بەرانبەر نفوزو هیزی ناسیونالیزمی کوردا وە هەم بۆ ئەوەی جێگا پێی خۆی پتەو بکات لە ئاستی عێراقو ناوچەکەدا. ئەمە فاکتۆرێکی گەورەی پشتی قسەکانی مالکییە کە دەیەوێت لەم برگەیەدا سود لەم هێزەش ببینێت، هەم بۆ هەڵبژاردن وە هەم بۆمانەوەی خۆی لەسەر حوکم. لەهەمانکاتدا ڕەتکردنەوەی فیدراڵیەت سیاسەتێکە کە نیزامی ئێران وە ئەمەریکاش لەگەڵیدا هەن سەرەڕای خیلافی قوڵی نێوانیان. بەلاّم لایەکی دیکە لە لێدان لە فیدرالیەتو ڕەتکردنەوەی ئەوە دەردەخات کە فیدراڵیەت وەکو سیستەمێك دەبێتە هۆی پێکداداو تێکچونی زیاتری ڕیزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعی وەکو بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی، ئەمەش بە قازانجی ئێران نییە. ئەمڕۆ کلتەی جەعفەریو حزبی فەزیلەو ڕەوتی صەدرو، کتلەی مستقلینی نێو ئیئتلافی ئیسلامی سیاسی شیعی لەگەڵ فیدراڵیەت نین بۆ ناوەڕاستو باشوری عێراق. لەمبارەشەوە مالکی دەیەوێت بالانسێك ڕابگریت بە قازانجی بزوتنەوەکەی خۆی.

ئەوەی کە لێرەدا ئیستراتیژەکەی وە سیاسەتەکەی بە بن بەست دەگات تەنها ناسیونالیزمی کوردە وەکو بزوتنەوەو یەکێتیو پارتیە وەکو دووحزبی ئەم بزوتنەوەیە. ئەمڕۆ بەڕۆشنی ئەمە دەردەکەوێت لەوەی کە ڕوی دا لەسەر ماددەی 140 و لەوەی کە ماددەی 24 قبوڵ دەکەن سەرەڕای تەعدیلەکان، کە بەگشتی بەقازانجی ناسیونالیزمی عەرەب تەواو بوو، لایەنی کەم دەسەلاتی ڕاستەوخۆی "حکومەتی هەرێم"ی نەهێشت بەسەر کەرکوکەوە. ئەمە بەجیا لەکێشەکانی ئەم دواییە لەسەر ناوچەکانو کە سەرانی یەکێتیو پارتی ناچار بوون بڵێن "هێزەکانی عیراق دەتوانن بچنە هەموو شوێنێکی عێراق"، لەوەش زیاتر ئێستا فشاری وەرگرتنەوەی گومرگو باجو سەرانەو هەروەها کێشەی بیرە نەوتەکان و وەبەرهێنانی لەجیگای خۆیدا ماوە... هەموو ئەم واقعیەتانە بە دەیان شێوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە فیدراڵیەت شکستی خوارد. بەلام یەکێتیو پارتی جەرائەتی ئەوەیان نییە بۆخەڵکی کوردستانی ڕۆشن بکەنەوە، بە قەولی کەمال کەرکوکی ئەگەر بێتو "تەنازل بکەن لە ماددەی 140" ئەوە " لە سلیمانیو هەلیرو دهۆك دەریان دەکەنو خەلك لیێیان قبوڵ ناکات". بەلاّم حەقیقەت ئەوەیە کە 140 فت بوە، وە ئەو تەنازولە کراوە.

فیدراڵیەت شکستی خوارد، بەلاّم خواستی سەرەکی خەڵکی کوردستان کە خۆی لە جیابونەوەی کوردستانداا دەبینێتەوە لە شوێنی خۆی باقییەو ئەمڕۆ ئەم خواستەو جیبەجێکردنی زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویستییەکی حەیاتییە بۆ خەڵکی کوردستان. بۆ ئەوەی رزگاریان بێت لە پاشاگەردانی، لەترس لەگەڕانەوەی سوپای ئیسلامی سیاسی شیعی بەدرو صەرد لە ترس لە میلیشاکانی صحوەو بەعس، کە بەنیوی وەزارەتی دیفاعو داخلیەوە دەجولێنرێن. بۆئەوەی رزگاریان بێت لە حوکمی میلیشایی لەکوردستان بۆ ئەوەی خۆیان دور ڕابگرن لە تیرۆرو تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی، بۆ ئەوەی شەڕو بەڵای جەنگی قەومی لە خۆیان دور بخەنەوە لەکەرکوكو ناوچەکانی دیکە. وە بۆئەوەی خۆیان بڕیار بدەن لەسەر شێوەو ناوەڕۆکی حوکمرانییەك کە دەیانەوێت لەکوردستاندا بەرقەرار بێت. ڕیفراندۆم میکانیزمی جیبەجیکردنی ئەم خواستەیە، واتە خواستی جیابونەوەی کوردستانو پیکهینانی دەوڵەتیك تیایدا. تەنها ڕیگا لە مرۆدا هەر ئەمەیە ئەگەر نا بە مۆشکلەی خانەقینو قەرەتەپەو موصلو کەرکوك... یەکێتیو پارتی ئامادەن سەد سالی دیکەش خەلکی کوردستان لە بیکارەبایىو بێ ئاوییو نەبونی سوتەمەنیو کەمی موچەدا ڕابگرن، سەد سالی دیکەش ئامادەن کە بەناوی بونی کێشەی کەرکوكو... سەرکوتو ملهوڕی بکەن بەسەر خەڵکداو خۆشیان ملیارەکانیان کەلەکە بکەن. ناسیونالیزمی قەومی هیچ پەیامیکی خۆش بەختیو سەرفرازی بۆ خەڵکی کوردستان پێ نییە، پەیامی ئەو تەنها مالویرانیو سەرکوتو شەڕی قەومییە، تەنها نەبونیو ئاوارەییە.

**ئەمڕۆ بەڕۆشنی ئەمە دەردەکەوێت لەوەی کە ڕوی دا لەسەر ماددەی 140و لەوەی کە ماددەی 24 قبوڵ دەکەن سەرەڕای تەعدیلەکان، کە بەگشتی بەقازانجی ناسیونالیزمی عەرەب تەواو بوو، لایەنی کەم دەسەلاتی ڕاستەوخۆی "حکومەتی هەریم"ی نەهێشت بەسەر کەرکوکەوە**

**سەرکەوتن بۆ خەبات و مانگرتنی مامۆستایان**

# جێبەجێکردنی داخوازیەکانی مامۆستایان، خزمەت دەکات بە باشتر کردنی هەلومەرجی خوێندن و خوێندنگاکان

دوای ئەوەی وەزارەتی پەروەردەو دەزگا پەیوەندیدارەکان، داخوازیەکانی مامۆستایانیان بەهەند نەگرت کە زیاتر لە چەند مانگە ڕاگەیەنراوە، بۆیە هەروەکو بەڵێنیان دابوو دەستیان دایە مانگرتن.

تا ئێستا نزیکەی 5000 هەزار مامۆستای 400 قوتابخانەو خوێندگا لە سلێمانی و بازیان و چەمچەماڵ و سەیدسادق و عەربەت و هەڵەبجەی شەهیدو شاربازێڕ.. دەستیان داوەتە مانگرتن و وابڕیاریشە نزیکەی 5000 هەزار مامۆستا لە قوتابخانەو خوێندگاکانی تری ناوچەکانی پشدەرو بیتوێن و چوارقورنەو حاجیاوا... زۆر شوێنی تریش پەیوەست بن بەمانگرتنی مامۆستایانەوە.

لەکاتێکدا مامۆستایانی شوێنەکانی تر خەریکن پەیوەست دەبن بە مانگرتنی مامۆستایانەوە، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، لە جێگای ئاوڕدانەوە لە خواستی ڕەوایان، خەریکی هەڕەشەی دەرکردن و لێپێچینەوە وچاوسورکردنەوەن لەمامۆستایان و بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانانەی مانیان گرتووە.

مامۆستایانی کوردستان، کە یەکێك لە توێژە هەرە ماندووەکانن و ئەرکی پێگەیاندنی نەوەکانی کۆمەڵگایان لە ئەستۆیە، کەچی بێبەشترین توێژی کۆمەڵگان و کەنارخراون.

مامۆستایان لە ناو گرانی سەرسوڕهێنەرو گەندەڵی هەمەلایەنەی وەزارەتی پەروەردە، خراپی هەلومەرجی پەروەردەوفێرکردن و کەمی بیناو پێداویستیەکانی خوێندن و فێرکردندا، بەوپەڕی دڵسۆزیەوە خەریکی خزمەتی کۆمەڵگان، کەچی دەسەڵات و وەزارەتی پەروەردەو دەزگا پەیوەندیدارەکان، لەبەرامبەر بەخواستەکانیاندا خەریکی هەڕەشەی جۆراوجۆرن.

داخوازیەکانی مامۆستایان، بریتین لە گەڕانەوەی دەرماڵەی پیشەیی و پێدانی زەوی و هێشتنەوەی ئەو مامۆستایانەی بڕوانامەکەیان لە خوار بەکالۆریۆسەوەیە بۆ پۆستی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، باشکردنی هەلومەرجی خوێندن و خوێندگاکان، کۆتاییهێنان بەگەندەڵی وەزارەتی پەروەردە ...

جێبەجێکردنی ئەم داخوازیانە، هەر هێندەی بودجەی بارەگاحزبیەکانی پێویستە. هێندەی نەسریەی چەند بەرپرسێکی حزبی و حکومی! دەوێت. بەڵام چونکە دەسەڵاتی گەندەڵ و تاڵانچی، هەموو کەلەبەرێکی ژیانی کۆمەڵگای داگرتووە، خەریکە خوێندن و پەروەردە بە یەکجارەکی دەکاتە خۆراکی حزبی و چاوچنۆکی بێسنور، و ئەوەی بۆیان گرنگ نییە، ئایندەی خوێندن و پەروەردەو زانست و پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروستە. بۆیە زیاتر لە چەند مانگە 12 هەزار ئیمزای مامۆستایانیان بۆ خواستەکانیان لەبەردەستە کەچی پشتگوییان خستووەو ئێستاش هەڕەشەی دەرکردن و لێپێچینەوە دەکەن لە مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانەکانە مانگرتووەکان .

**مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە!**
**دڵسۆزانی پەروەردەو فێرکردن!**

داخوازیەکانی مامۆستایانی مانگرتوو ڕەواو بەرهەقن، لەخزمەت باشترکردنی هەلومەرجی خوێندن و خوێندگاکانە، ئێوەش هاوبەش و هاوچارەنووسن لەگەڵ مامۆستایانی مانگرتوو، بۆیە هەرچی زووترە ئێوەش بە مانگرتنەکەیانەوە پەیوەست بن، لەهەرچی زیاتر سەراسەری بکەنەوەو ڕیزەکانتان یەکگرتووبکەن.

یەکریزی و یەکگرتووی ئێوە هەموو مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردەو فێرکردن دەتوانێ زامنی زوو جێبەجێبوونی داخوازیەکانی ئێوە هەموو مامۆستایان و کارمەندان بێت.

هەروەها کەس وکاری فێرخوازان و خوێندکاران، باقی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگا، پێویستە پشتیوانی بێدرێغی خۆیان بۆ مامۆستایانی مانگرتوو ڕابگەیەنن. جێبەجیبوونی داخوازیەکانی مامۆستایان کە باشترکردنی هەلومەرجی خوێندن و خویندگاکانە، زامنی پەروەردەیەکی تەندروستە، ئەمەش گەورەترین خزمەتە بە کۆمەڵگا.

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە کاتێکدا پشتیوانی لە داخوازیەکانی مامۆستایان دەکەین و بانگەوازی سەرجەم مامۆستایان و کارمەندانی پەروەردە دەکەین کە بە مانگرتنی مامۆستانەوە پەیوەست بن. هاوکات داواکارین لە تەواوی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگاو هەموو لایەنگرانی پەروەردەو زانست کە بەهەر جۆرێك پێیان دەکرێت پشتیوانی لە تەواوی داخوازیەکانی مامۆستایانی مانگرتوو بکەن.

**سەرکەوتن بۆ تێکوشان و مانگرتنی مامۆستایان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

2008-9-24

## یەکێتی ئاینی ئیسلامی و ئۆکتۆبەر..............................دواستون

کەچی کە دێتەی سەر باسی خولەفاکانی ڕاشیدین و پەیامبەری ئیسلام ..... گڕ لەدەرونی ئاگراوی جەهەنەم ئاسایان دێتە دەرەوەو ئارامیان لێهەڵدەگیرێت. ئەڵێن ئەمە ئاخر زەمانە، ئەمە مانای کۆتایی دنیاو دەورەی دابارینی غەزەبی خوایە. ئەڵێن لە ٪98 خەڵکی ئێمە موسوڵمانە کەچی لەناو ئەو ٪98 تەنها ئەم چەند جەنابە موچەخۆرو خۆشخزمەتە بە دواکەوتوی و دەسەڵاتی باو هاواریان لێهەڵدەستێت و باقی ئۆردوی بێشوماری خەڵکی نەك بۆیان مەسەلە نییە، بەڵکە گاڵتەیان بە عەقلی ئەو دەزگاو ناوەندە ئیسلامیانە دێت کە تازە بەتازە لەدنیای ئەم سەردەمەدا بانگەشەی دەورانە تاریکەکانی ئینسان بە خورافەی ئیسلامی دەگیرنەوە.

یەکێتی ئاینی ئیسلامی کوردستان لە دواکەیاندا بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ داخستنی ئۆکتۆبەر دەڵێن" لای هیچ کوردێك پەنهان نی یە دوژمنانی کورد چ هەوڵێکیان بۆ لەباربردنی ئەم ئەزمونەی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان لە هەریمی کوردستاندا بەدی هاتووە زۆرجار دوژمنان خۆیان روبەرومان بونەتەوەو دەبنەوە، زۆرجاری کەش بە ئەلقە لەکویکانیان پلان و پیلانەکانیان ئەخەنە گەر زۆر شتی سەیرو سەمرە ئەخولقینن بێ ئەوەی رای جیهان بگۆڕین بەرامبەرمان و وەك ئەوان سەیرمان بکریین تا تیوەردان و بشیوی ناوخۆی دروست بکەن. ئەم دەستە چەپەلە ئەبی گشت لایەك بیاناسن و ڕۆیان بۆ میژوو رەش بکەین کە ئەیانەوی بەزمانی کوردیەوە موبەریرات بۆ بەعس و گشت دوژمنانی تۆقیو لە ئازادی کورد بدەن بەدەستەوە کە دوژمنان حەقیان بووە ئەنفال و کاری جینۆساید هەموو نارەوایەکی نادینی نامرۆیانە...هیتد کردووە." ئەمە پەرەگرافێکی نوسینەکەیانە وەکو خۆی بێدەسکاری و ڕاستەکردنەوەی هەڵەکانی" زیاتر لە سەدا ٪98 خەڵکی کوردستان، دیارە ئەو خەڵکانەی تەمەنیان لەسەرو 16 ساڵیەوەیەو ئەتوانن بڕیار بدەن و سەر لەدنیاو دەوروبەریان دەربکەن، لایان پەنهان نییە، کە ئەو ناوەندو دەزگا ئیسلامیانەی مەلاکانی کوردستانی تیا کۆبونەتەوە، لەهەموو سەردەمێکدا و لە هەموو دەوانێکدا لە کاتی دەسەڵاتداریێتی هەر لایەن و حزبێکدا، بەشێك بوون لە دەسەڵات و بەشێك بوون لە دوژمنانی سەرسەختی خەڵکی کوردستان. بەشێك بوون لەهەوڵی دەسەڵات بۆ کپ کردنەوەی هەردەنگێکی نارەزایەتی و وەستانەوە بە ڕووی خواستی ئازادی و ڕزگاری دا. با زۆر دور نەڕۆین هیچ هەنگاوێکی وەحشیانەی بەعس لە کوردستان، بەبێ ئاگاداری مەلاو یەکیتی زانایانی! ئیسلامی نەبووە. لە تێك و پێکدانی هەزاران ئاواییەوە بگرە، تا بەخاك یەکسانکردنیان. لە ئەنفالەوە تا کیمیاباران و بێسەروشوێنکردنی دەیان هەزار ئینسان...تاد. وە بەشاهیدی لە ٪98 خەڵکی کوردستان مەلاو یەکێتی زانایانی! ئیسلامی پێشنویژیان بە درود بۆ سەرۆکی گەورە سەدام حسین خوابپارێزی دەست پێدەکرد. وە ئەوان بوون سوێدنیان ئەخوارد کە بەعس کیمیایی بەکارنەهێناوە.... تاد. کەچی ئێستا باسی نۆکەرایەتی و دوژمنایەتی ئەزمونی و دژایەتی خەڵکی کوردستان ئەدەن پاڵ خەڵکی تر....

بەڕاستی ئەمە هەر ڕووی قایمی دەوێت بۆ شێوانی ئەم حەقیقەتانە، کە تا ئێستا برینەکەی لەجەستەی ئێمە خەڵکی کوردستاندایە.

لە بەشێکی تری داخوازینامەکایان کە ئاڕاستەی وەزارەتی ڕۆشنبیریان کردووە هاتووە" ...بۆ ئەمرۆ دەرگا والا بیت بۆ دوژمنانی ئازادی بەهۆکاری نوسراوەکانی نیو رۆژنامەی ئۆکتۆبەر ژمارە 11 / لە 10/ ئەیلول/2008 کە ئەو مافانە بدەنەوە بە خۆیان سەر لەنوی کارە شومەکانی دوینی و ئەمرۆ بەسەرمان بسەپینەوە بیخەنەوە ناومان و دلی زیاد لە (6) ملوین کوردی مسولمان کە راژەی مسولمان بونی ٪98 کوردستانی باشورە زامدار بکەن، لە پیغەمبەرو دینی پاکی ئیسلام و حکومەتی هەریم و لەناموسی نەتەوەکەمان بدوین کە هەرگیزاو هەرگیز ئەم جۆرە نارەوایانە لە کوردستانی پر ئازادی و دیموکراسیدا جیی نابیتەوەو قبول ناکریت...." " ئەمەش پەرەگرافێکی تری بێدەسکاری یەکێتی ئیسلامی کوردستان"ە.

سەیر ئەوەیە بەو کارنامەو مێژووە دژی ئازادیە کە یەکێتی ئاینی ئیسلامی ئێستاو ناوەکانی پێشوو کە لێیاننراوە، هەرگیز نەرمی وبەزەییان نەنواندووە بەرامبەر بەئازادی کەچی ئێستا بونەتە ئازادیخواز و ئازادیخوازیەکەشیان بۆ سەربەخۆی کورستان، یان بۆ راگرتنی بێماڤ خەڵکی و توێژەکانی کۆمەڵگا، بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری و رەخنەگرتن، بۆ ڕاگرتنی فوارەی خوێنی ژنانی قەسابیکراوی دەستی کەلتوری ئیسلامی و پیاوسالاری و تیرۆر، بۆ خزمەتگوزاریەکان، ... نییە. ئەمجارەیان بۆ داخستنی ئۆکتۆبەرە. چونکە ئۆکتۆبەر وبە هێزی چەکدارەوە لە خانەقین و قەرەتەپەو دیالەو ... سەرجەم شوێنەکانی تر بەچەکی قورسەوە وەستاوە، بۆ گێرانەوەی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ناسیونالستی قەومی- ئیسلامی بەسەر خەڵکی کوردستاندا. بۆ بەرگرتن بەم هێزە عەزیمە دژی خەڵکیە، ئەبێ فریابکەون.

ئەم مەلایانە کەناویان لەخۆیان ناوە زانا!! بەڕاستی نەزانن و کاسبیەکەی خۆشیان باش ناکەن، ئەگەر نا بڵاوبوونەوەی ناوی وێب سایتی ئەو هونەرمەندە کاریکاتیریستە دانیمارکیەی وێنەکانی محمەدی ئیسلامی کێشاوە، هەرچییەکی تریش کە خەڵك بیەوێت بە ئاسانی دەست هەموو کەسێك دەکەوێت، ....تاد. مەگەر ئەم جارە یەکێتی ئیسلامی کوردستان فتوای داخستن و بەکارنەهێنانی ئەنتەرنێت و سەتەلایت و موبایل... بدەن. و هەرکەسێك ئەمانەی بەکارهێنا بیخەنە بەر غەزەب و فتوای کوشتنیان بدەن.

بۆیە بەڕاستی یەکێتی ئاینی ئیسلامی لەکوردستان نەك بەم فتوایەیان هیچ قازانج ناکەن، بەڵکە بە بانگەشەکردن بۆ داخستنی ڕۆژنامەو سزادانی ڕۆژنامەنووسان و ئەم فەتوایەش کە دژی ئازادی ڕۆژنامەگەریە دەچێتە سەر کێوێك لە فتوا دژی ئازادیەکانی رابردو.

ماوەتەوە بڵێن ئەگەر بڕیار بێت کەسێك و لایەنێك بدرێتە دادگا، بەحەق یەکێتی ئاینی ئیسلامی لقی سلێمانی یە، لەسەر هیچ نا بەڵکە لەسەر ئەم داوایەیان کە نوسیوویانە حەقی لێپێچینەوەیان هەیە، یەکەم لەبەرئەوەی ئێمە بە نۆکەری وڵاتان و دوژمنانی ئیتهام دەکەن و هەرچی قسەی ناشیرین و پوخڵەواتە بەرامبەرمان بەکاریان هێناوە. دووەم بەوغەدرە گەورەیەی کە لە زمانی نووسینیان کردووە، شێواندویانە و ئێمە دووپەرەگرافیمان وەکو خۆی نووسیوەتەوە.

## درێژەی.............. سەرووتار

کاری سەختی نەپساوە، جگە لە کەمترین بواردان بە ڕێکخراوبوونیان، و بەرگرتن بە ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان...تاد، هەمیشەش هەوڵدراوە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی چینایەتیان.

لە بەرامبەردا تاقیکردنەوەی نزیك بە 18 ساڵەی کۆمەڵگای کوردستان، ئەو ڕاستیەی نیشان داوە، کەدەسەڵاتی کوردایەتی پارێزەری نیزامی دیلیهێنەری سەرمایەداریی کوردستانە.

لەبەرامبەر بە هەلومەرجێکی ئاوادا کرێکاران و خەڵکی ناڕازی و بەشمەینەت، یان ئەوەتا دەبێ سەری ڕەزامەندی و بێدەنگی دابنەوێنین یان دەبێت لەدژی ئەم هەلومەرجە، بێنە مەیدان. ڕێگە نەدەن چیتر ببنە سوتەمەنی سیاسەت و بەرژەوندیە ئابوریەکانی چینی بۆرژوازی کورد. دوورکەوتنەوەی دەسەڵات و خەڵك ئەمە مەبنا واقعیەتەکەیەتی.

تا ئەو جێگایەش کە بە وەزعی کوردستان و ئایندەکەی دەگەڕێتەوە بارزانی وتی"... سەربەخۆیی مافێکی سروشتی میللەتی ئێمەیە،... ئێمە پێویستە کات بەو مەسەلەی بدەین و ئەمەش مافێکی سروشتی ئێمەیە..." و لە درێژیدا ووتی" ئێستا دروشمی ئێمە (عێراقێکی فیدرالی دیموکراتی یە)...."

بارزانی تا ئێستا لای وایە بۆ سەربەخۆی ئەبێ چاوەڕێ بکرێت و کات بدرێت. لەجێگای جیابوونەوەش دروشمی عیراقێکی فیدرالی دیموکراتی بەدەستەوە بگیرێت.

یەکێکی تر لەهۆکارەکانی دوورکەوتنەوەی خەڵك لەدەسەڵات بە شێوەی گشتی گوێنەدانی دەسەڵاتە بە هیواو خواست و داواکاریەکانی خەڵکی بۆ چارەسەری کێشەو ئایندەی سیاسی کوردستان.

ئەمرۆ لەهەرکەسێکی خەڵکی کوردستان بپرسیت لەبەرامبەر وەزعی ئێستا و تەنگژەکانیدا، بۆ ئاییندەی کوردستان چ بکرێت، یەکسەر دەڵێن جیابونەوەی کوردستان لە عێراق. دەڵێن سەربەخۆیی. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 یشدا لەو ڕاپرسییە نارەسمیەی لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە تەعبیری لێکرا 98% خەڵکی کوردستان، دەنگیاندا بە سەربەخۆیی.

ئەمە خواست و ئیرادەی خەڵکیە، کەچی دەسەڵات و سەرجەم بزوتنەوەی قەومی کورد، لە جێگای کارکردن و چوونە پشت ئەم خواستەی خەڵکی کوردستان، دروشمی ( عێراقی فیدرالی دیموکراتی) یان بەرز کردۆتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە جگە لە هاوپەیمانی کوردستانی لەهەموو عێراقدا هیچ هێزو کوتلەیەك نییە، مەسەلەی فیدرالی بۆی مەسەلە و جێگای باس بێت.

ئەمەش نیشان ئەدات کە خواستی خەڵکی کوردستان بۆ ئایندە سیاسیەکەی لەگەڵ ڕێگاچارەو دروشمی بزوتنەوەی قەومی کورد کە ئەمرۆ یەکێتی و پارتی نوێنەرایەتی دەکەن، دوو ڕێگاچارەو دوو ئاسۆی جیاواز بەیەکن.

بیانوی بزوتنەوەی قەومی کورد ئەوەیە کە دەڵێن ئێستا وەختی نییە و کاتی پێویستە.

لە کاتێکدا بزوتنەوەی قەومی کورد و یەکێتی و پارتی دەڵێن وەختی هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی نییە، کاتی دەوێت. ڕۆژ بەڕۆژ کات و کارتی پێکەوە بوون و شەراکەتیان لەگەڵ بەغدا، کەمتر دەبێتەوە. ئەو بەشە بۆ شەراکەت کە دوای ڕوخانی بەعس کە پێیان درا، خراوەتە ژێر پرسیارەوەو داوای کەمکردنەوەیان دەکرێت. ئەمە چ لە ئیدارەی شاروشارۆچکەکانی کێشە لەسەر، تادەگاتە مەسەلەی بودجە، پێشمەرگە و پۆستی ئەفسەرانی کورد لە سوپا، داهاتی سامانە سروشتیەکان و نەوت و غاز، پۆستە حکومیەکانی بەغدا، مەسەلەی سنور،.... لە لایەکی تریشەوە. ئەوە ئێستایە کە ناسیونالیزمی عەرەبی و ئیسلامی لەعیراقدا، خەریکن پێگەی خۆیان لەهەموو ئاستەکاندا بەهێز دەکەنەوە بەتایبەت لە سوپادا. تەمەروکوزی دەسەڵات بەرنامەیانە. هەڕەشەکانیشیان لە کوردستان مەبناکەی ئەم ئالوگۆڕانەیە لە هاوسەنگی هێز بە قازنجیان.

بە پێچەوانەی ئەو ڕوانینە کە دەوترێت جیابونەوەی کوردستان و سەربەخۆی پێویستی بەکاتی ترە، کات لە قازانجی خەڵکی کوردستان نییە بۆ بڕیاردانی جیابونەوەی لەعێراق و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی سکولاری نادینی. چونکە تا دێت دەسەڵات بەرەو تەمەرکوز لە ناوەند دەچێت. هێزە ناسیونالیستە قەومی دینیەکان خەریکی پشت ڕاستکردنەوەن و لەگەڵ بەهێز بوونەوەو خۆ گرتنەوەیان، دەتوانن ڕێگری گەورەتر چ لە ناوخۆی عێراق و چ لەسەر ئاستی ناوچەکەو دنیادا لەبەرامبەر بەسەربەخۆی خەڵکی کوردستاندا پێکبهێنن.

ئەگەر بڕوانینە وڵاتانی ناوچەکەش لەوانە ئێران و تورکیا، ئەوا ئێران بەبەرچاوی دنیاوە خۆی لە کێشمەکێشدایە لەگەڵ ئەمریکا. لە ئاستی نێودەوڵەتی و جەماوەری دنیای سەردەمدا تا دێت تەرکتر و بێزاوتر ئەبێت، ئەمە جگە لەکێشە ناوخۆیەکانی کە یەخەگیری ئەم ڕژێمە بوون، لەوانە گرفتی ئابوری، ناڕەزایەتی خەڵکی، شەڕ لەگەڵ خەڵکی کوردستان.

بۆ تورکیاش بەهەمان شێوە، ئێستا تورکیا شەری بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەورپا دەکات، و کێشەی داگیرکردنی قبرس لەیەخەی نەبۆتەوەو پێوستە ئەمە چارەسەربکات. هەروەها کێشەی لەگەڵ خەڵکی کوردستانی تورکیا، لەگەڵ پەکەکە، کێشمەکێشی نێوان دامەزراوەی سوپاو حکومەت، ئەزمەی ئابوری... ئەم فاکتەرانەن کە دەستی ڕژێمی تورکیای لەوە کورتر کردۆتەوە کە بتوانێت بە کردەوە لەبەرامبەر خواست و ئیرادەی ملیۆنی خەڵکی کوردستانی یەکگرتوودا بۆ جیابوونەوە پێدرێژی بکات و داگیرکاری بخاتە دەستوەرە.

بەهەموو ئەو فاکتانەی سەرەوەو فاکتی دوبارە دابەشبوونەوەی سەرلەنوێ دنیاش کە سەرەتاکەی دەستی پێکردووە، ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ جیابونەوەی کوردستان وپێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی مۆدێرن و کاتێکی گونجاویشە بۆ تورهەڵدانی دروشمی لەناوەرۆکدا وەهمی عێراقی فیدرالی دیموکراتی. کات لە قازانجی خەڵکی کوردستان نییە و هەر ڕۆژێك دواخستنی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق، ئەوەندە گرفتەکە ئاڵۆزتر و قورستر دەکات.

خەڵکی ئازادیخواز بەگشتی و چینی کرێکار بەتایبەتی لە کوردستان ناکرێ بێدەنگ بێت و ڕازی بێت بەوەزعەی ئێستاو بەو سات وسەودایەی بزوتنەوەی قەومی کورد بە کێشەی خەڵکی کوردستانیەوە دەکات لەپێناو پاراستنی بەرژەوندیە سیاسی و ئابوریەکانی خۆی و بۆرژوازی کورد، بەڵکو دەبێ لەدژی هەلومەرجی مۆلەقی کوردستان و ئەو گێژاوە سیاسیەی [illegible] ساڵە تیای ڕاگیراوە، و ئەو هەڕەشانەی ئێستا لەلایەن بەغداوە لەسەر کوردستان هەیە ڕێکخراو یەکپارچە ئیرادەبنوێنێت و ئاسۆیەکی تر بۆ ڕزگاری کۆمەڵگای کوردستان لەدەست سەرمایەداران وبزوتنەوەی سیاسی قەومی کورد دەربهێنێ و کۆمەڵگا بەدەستەوە بگرێت.

October

سەرنوسەر: عبداللە محمود
بەڕێوەبەری نوسین: شوكاك عبدالستار

دەستەی نوسەران: ئاسۆ کەمال، بەشدار علی، بنار مستەفا، محمد غفور، ڕەمەزان سابیر، سامان کریم، سەعید ئەحمەد، شەماڵ عەلی، محسن کەریم، جمال محسن

بۆناردنی بابەت و پەیوەندی:
Www.hkkurdistan.com
Email:octobet_917@yahoo.com, shukaks@yahoo.co.uk

# زیندانی کۆلەریت شکێنرا!



کۆتایی مانگی دیسەمبەری ڕابردوو، زیندانی کۆلەریتی نزیك شاری یۆتۆبۆری سوید شکێنرا، ژمارەیەك لە بەندکراوەکانی ناوی توانیان ڕابکەن و خۆیان لەو زیندانە دەرباز بکەن.

بە پێی ئەو هەواڵانەی بەدەستمان گەیشتووە، سەرلەبەیانی 30 دیسەمبەر، زیندانیەکانی ناو زیندانی ساگۆسن لە کۆلەریت کە ژمارەیان نۆ زیندانی بووە و پێکهاتوون لە کوردو ئەفغانی کە چاوەڕوانی دیپۆرتکردنەوە بوون بۆ ولاتی خۆیان، زیندانەکەیان شکاندووە خۆیان دەربازکردووە.

شایانی باسە لەسەرەتای هاوینی ئەمساڵەوە ئەوە دووەمین جارە ئەم زیندانە ئەشکێنرێت. دوومانگ لەمەوبەریش حەوت پەنابەری تر لەو زیندانە هەڵاتوون. بەم شێوەیەو تائێستا 25 پەنابەر توانیویانە لەو زیندانە رابکەن.

هەواڵی شکاندنی ئەم زیندانە، سەرنجی سەراپای میدیاکانی سویدی بۆ خۆی ڕاکێشا و هەواڵەکەیان ڕاگەیاند.

# مەلا کرێکار هەڕەشەو سوکایەتی بە مەریوان



مەریوان هەڵەبجەیی

لە دیمانەیەکدا کە لەگەڵ مەلا کریکار کراوەو لە سەر تۆری ئەنتەرنیت لە یوتوبدا دەست ئەکەوێت، مەلا کرێکار هەڕەشەو سوکایەتی بە مەریوان هەڵەبجەیی نووسەر ئەکات لە پای نوسینی کتێبەکەی لە ژێر ناوی سیکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا.

مەلا کرێکار دەڵێت مەریوان هەڵەبجەیی خۆفرۆشە و بە فکرێکی منحەریفەوە هاتووە، ئەیەوێ دژی دینی میللەتێك بێت کەخۆی جێگای تیا نابێتەوە. دەڵێ مەریوان ئیحترامی دینی خۆی نەگرتووەو بۆ ئەوەی خۆی بکات بە سەلمان ڕوشدی و تەسلیمە نەسرین.

وە دەڵێت هەر کەسێك بەرامبەر بە ئیسلام بوەستێتەوە بە چنگ و ددان لەبەرامبەری دەوەستینەوە، ئەوانە ئەبوجەهلن لەلامان و ئەگەر لەدژیان نەوەستینەوە ئەوا ئێمە لە دین بێبەرین. بۆیە دژی ئەوەستینەوە تا سەرئیسقان.

## دواستوون

# یەکیتی ئاینی ئیسلامی و ئۆکتۆبەر

عبداللە مەحمود
abdulla.mahmud@gmail.com

یەکێتی ئاینی ئیسلامی کوردستان، لقی سلێمانی داوای داخستنی بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر دەکەن، چونکە ئۆکتۆبەر ناوی ئەو ماڵپەڕە دانیمارکیەی بلاوکردۆتەوە کە وێنەکانی پەیامبەر" محەمەد"ی بە شێوەی هونەری کاریکاتێری کێشاوە.

هەرکەسێکی چاودێر بەرِوداوەکانی کۆمەڵگادا، دەتوانێ بەسادەیی نەخشی یەکێتی زانایانی! ئیسلام و یەکێتی ئاینی و شێخەکانی نەك هەر لەکوردستان بەڵکە بەشێوەیەکی گشتی لە دنیای ئەم سەردەمەدا ببینێ.

زانایانی ئیسلامی لێرە لە کوردستان بن یان لە ولاتانی سعودییە و ئەندەنوسیا، لە میسرو کویت و بن یان بەنگلادیش مەغریب، هەڵگری یەك پەیامن. پەیامی تاریك هێشتنەوەی کۆمەڵگا، پەیامی خزمەتکاری و وەستان لەپاڵ دەسەلات.

ئەم دەستە لە مەلا، هیچ کارێکیان نییە، لەوەی زیاتر فتوا ببەخشنەوە، حوکمی تاریکی بەسەر ڕۆشنایەکانی کۆمەڵگاو جوانیەکانیدا بدەن.

تەماشاکەن، مشك ئەبێ بکوژرێت چونکە پیسەو سەبازی شەیتانە، ئەمە فتوای شێخێکی سعودیە بەناوی محەمەد مونجد.

هەموو باوك و دایکێك بۆی هەیە کچی تەمەن نۆ ساڵەکەی بەشو بدات، ئەمە فتوای شێخی مەغریب بەناوی محمەد بن عبدالرحمان.

خواردنی زلوبیا لە رەمەزاندا قەدەغەیە ئەمەش فتوای شێخ محەمەد عەلی فرکوسە.

کوشتنی خاوەن کەناڵە ئاسمانیەکان حەلاڵە، ئەمەش فتوای شێخ ساڵح بن حەمەدە لە سعودیە.

ئۆکتۆبەر، دەبێ دابخرێت ئەمەش فتوای یەکێتی ئاینی ئیسلامی کوردستان لقی سلێمانیە و داوایان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کردووە کە دایبخەن.

تەماشا ئەم پێنج فتوایە بکەن، ئەمانە هەموو تازەن لەماوەی کەمتر لەم مانگەدا بلاوکراونەتەوە.

ئەم شێخ و مەلاو جەنابانە کە ئەم فتوایانەیان داوە، هەریەکەیان لە ولات و شارێکن، یەکتری ناناسن، ڕووبەڕو یەکتریان نەبینیووە، ئاڵوگۆڕی زانستی!! دینیشیان لەگەڵ یەکتری نەکردووە، کەچی هەموو فتواکانیان لەدژی ئازادی و ئینسانیەت و کۆمەڵگایە. هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی نەخشی پۆلیسی خوا ببینن لە دژی خەڵك و کۆمەڵگاو ئازادی و جوانیەکان.

سەیر ئەوەیە ئەم جەنابانە هەموویان بەناوی موسوڵمان بوونی کۆمەڵگاکانەوە ئەم فتوایانە ئەدەن و ئەڵێن ڕاژەی خەڵکەکەمان ٪98 موسڵمانە، کەچی زیاتر لە ٪98 ئەم کۆمەڵگایانەی ئەم مەلاو یەکێتی یە ئاینیانە بانگەشەی بۆدەکەن، لێواو لێون لە نەفرەت بەرامبەر بەو فتواو بانگەشە بێناوەرۆك و دژی ئینسانیانەی زانایان!و یەکێتی ئیسلامیەکان و ئاخوندەکان.

لەوەش عەجایەبتر ئەوەیە هەر کەس و لایەن و ڕوناکبیرو دەستەیەکی مۆدیرن، دەست بۆ توێژینەوەیەکی زانستی ببەن کە لەگەڵ عەقڵ و چەمکی ئیسلامی سەدە تاریکەکان نامۆبێت، ئاماژەیەك بکەن بە پەیامبەرانی ئیسلام، ڕەخنە بگرن لەدین و ئەحکامە زۆروزەبەرندە خەیاڵی و خورافیەکان، پێشوازی بکەن لە ئاڵوگۆڕە بەردەوامەکان کە نامۆن بە حوکمەکانی ئیسلام پەیامبەرانیان، گر ئەگرن و بەناوی خەڵکی موسڵمانەوە بانگەشە و فتوای تیرۆر دەرئەکەن، بەمەش نیشانی ئەدەن کە هیچ حەقانیەتێك لە بۆچون و ئەحکامەکانیاندا نییە، ئەگەر نا بۆ لوتف ناکەن و وەلام نادەنەوە؟ بۆچی بەحەلالی ئەزانن هونەر دەست بەرێت بۆ هەموو ژیان و کون وکەلەبەرێکی ژیانی سیاسی و ئابوری و فەلسەفی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و کەلتوری، وە هەموو کەس و فەیلەسوف و زاناکان بکاتە نیشانەی رەخنەو توێژینەوە..........

بۆ ل7

دوا مۆڵەت بۆ وەرگرتنی بابەتەکانی
ژمارەی داهاتوو 13-10/ 2008

# بە سوپاسەوە بڕی 140$ دۆلار کۆمەکی سپانسۆرەکانی ئۆکتۆبەرمان لەشاری ڕانیەوە

# خۆپیشاندانی کرێکارانی تەندروستی لە ئەڵمانیا



زیاتر لە(80000) هەشتا هەزار کرێکاری بواری تەندروستی لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا دەستیان دایە مانگرتن و خۆپیشاندان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین دژی کەمکردنەوەی یارمەتی دارایی تەندورستی و بەشنەکردنی کۆمەکی حکومەت بۆ ئەم کەرتە گرنگەی کۆمەڵ. لە زۆربەی ناوچەکانی ئەڵمانیاوە پزیشکەکان و کارمەندان و کرێکارانی تەندروستی بەم کۆبونەوەیەوە پەیوەستبوون.

حکومەتی ئەنجیلا مایرکل بەڵێنی نزیکەی سێ ملیار یۆرۆ (4.4 ملیار دۆلار) بۆدجەی داوە تا ساڵی 2010 بۆ کەرتی تەندروستی و نەخۆشخانەکان، ئەنجومەنی وەزیران بەزەحمەتی دەزانێ پشتگیری و هاوکاری زیاتر بە کەرتی تەندروستی بکات، بەڵام کرێکاران دەڵێن ( ئێمە دەبێ هەلومەرجێکی باشتر بۆ خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی بەدەست بهێنین بۆ ئەوەی ئەو برە پارەیە بگەڕێنینەوە کە ئەم چەند ساڵەی دوایی دەستمان خستبوو. تا کاتی تەواومان هەبێت بۆ نەخۆشکان و هەلی زیاتر هەبێت بۆ پزیشکەکان و ئەوانەی چاودێری تەندروستی پێشکەش دەکەن).

سەرەکیەکانی ئەڵمانیا دەڵێن لە بۆدچەی ساڵی 2008 و 2009 دا 6.7 ملیۆن یۆرۆ کورتی هێناوە و حکومەت ئاگاداردەکەنەوە کە ژیانی نەخۆشەکان دەکەوێتە مەترسیەوە.

یەکێک لە کرێکارەکان وتی ( دەمانەوێ کاتێ بەرەو ماڵ دەگەڕێنەوە دڵخۆشبین، ئەوەی لەدەستمان هات کردمان بەڵام شتێک پێویستبێ و نەتوانین بیکەین ویژدانمان ئازارمان دەدات). وەزیری تەندروستی شمیدت وتی یاسایەکی نوێ بۆ نەخۆشەکان و کارمەندانی تەندروستی هەیە، بەڵام زۆربەی کرێکارانی بواری تەندروستی ڕەتیدەکەنەوە. لە دە ساڵی ڕابردوودا 100000 هەلی کاری تەندروستی لەدەستدراوە ، لە کاتێکدا ژمارەی ئەو کەسانەی پێویستیان بە چارەسەر هەیە لە15% زیادیکردووە،

سەرەڕای خەرجی دەرمان کارەباش دەکەوێتە سەر هەمان ئەو بۆدجە کە کەمە، لە هەمووی گرنگتر نەهێنانی کرێکاری نوێ و کەمکردنەوەی کرێکارانی ئەم کەرتە هەستیارەیە..

کرێکارانی نەخۆشخانە

لە ئازاد بەکرەوە

# مانگرتنی 800000 کارمەندی بانکەکانی هیندستان



ڕۆژی 24 ی سێپتەمبەر هەشت سەد هەزار لەکرێکاران و کارمەندانی پەنجا هەزار لە لقی بانکەکانی سەرتاسەری هیندستان بۆ ماوەی دوو ڕۆژدەستیان دایە مانگرتن، بۆ وەستانەوە دژی سیاسەتی بە تایبەتیکردن و بەستنەوەی بانکەکانی دەوڵەت بە کەرتی تایبەتی دەرەکیەوە. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە ویلایەتی مەهاراشتراوە ئامادەکرابوو مانگرتن لە ناوچەکانی دەلهی و مۆمبای و کارناتاکا و تامیل نادۆ و کیرالا و تریبۆرا و ویلایەتی بەنگالی ڕۆژئاوی گرتبۆوە. راجین ناجاری سەرۆکی گشتی نیشتمانی کارمەندانی بانکی (AIBEA)کە خۆی بەشداری مانگرتنەکەیە وتی (بەهۆی ئەم مانگرتنەوە کاروباری بانکەکان پەکیان کەوتووە، خزمەتگوزاری بانکی هەمەجۆر لە کەلکەتا کەرتی گشتی و تایبەتی و هەرەوەزی هەرێمی کەرتی دیهاتیش بە مانگرنەکەوە پەیوەستبوون، دەبێ حکومەت بزانێ هەموو هاوڕێکانی بۆشو وردە ووردە لە ناودەچن، ئەم دەسەلاتەش گەر سەرکوتی جەماوەر بکات هەمان چارەنووسی دیکتاتۆرەکانی دەبێت) یەکێ لە مەسەلەکانی تری کارمەندانی بانکەکان داوای نەگۆڕینی یاسای ڕێکخستنی کاری بانکی ساڵی 1949یان دەکرد، چونکە پێیان وابوو ئەو یاسایە یەکسانی زیاترە بۆ مافی دەنگدانی بەشداربووان. هەروەها لە بنجالور کە ناوچەیەکی زۆر چڕو قەرەباڵغە سەدان لە کرێکارانی مانگرتوو بۆ خۆپیشاندان هاتنە سەرشەقامەکان. ئەم شەپۆلی ناڕەزایەتیە کۆمەڵگەی جامۆ و کشمیریشی گرتەوە هەرچەندە بانکی هەرەوەزی و دیهاتی ئاسایی کاریان دەکرد. لە ڕاستیدا مانگرتن دژی بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەلی پێویست و فراوانبوونی هەژاری و زیادبوونی بێکاری و پێشێلکردنی یاساکانی کار و پشتکردنە داخوازیە کرێکاریەکان بوو.



ئازادی ڕەخنەگرتن
لە هەموو لایەنە
سیاسی، کەلتووری،
ئەخلاقی و
ئایدۆلۆژییەکانی
کۆمەڵگا، مافێکی
سەرتایی هەموو
ئینسانێکە